# گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

**٤٥٧**

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٥٧ – ڕە زبە ر – ئۆکتۆبری ٢٠٢٤


## چاوگێڕانێک بەسەر پێگە و پێداویستیەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە ئێران

ئەمرۆ بوونی ڕەوتێکی بەهێزی چەپی کۆمەڵایەتی بەشێکە لە حەقیقەتی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای ئێران. بەو ڕادەیەی کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا کۆمەڵگای بەرەو چەپ بردووە، ئەم چەپە کۆمەڵایەتییەش دیارتر و ئاشکراتر بووە. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری کە ئاڵا هەڵگری ماف و داخوازیەکانی کرێکارانن و لە ڕێکخستن و ڕێبەریی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاریدا دەورونەخش دەنوێنن، داهێنەری پێکهێنانی کۆمیتەی مانگرتن و بەڕێوەبەری کۆبوونەوەی گشتی لە ناوەندە سەنعەتی و کرێکارییەکانن و بۆچوونی ڕێکخستنی شۆرایی دەبەنە ناو کرێکارانەوە. ئەو بەشە لە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان کە لە بەرانبەر فمێنیسمی کۆنەپەرستیی ئیسلامی و فمێنیسمی نیۆلیبراڵدا ئاڵای ڕزگاریی ژنانیان بە ئاسۆی دژەسەرمایەدارییەوە بەرز کردووەتەوە؛ ئەو ژنە خەباتکارانەی کە بە بەشداریی خۆیان لە پێشەوەی خەباتی مامۆستایان، خانەنشینکراوان، خوێندکاران، پەرستاران و لەناو ڕیزی خەباتی کرێکاران و بە خۆڕاگریی بەرین لەبەرانبەر سیاسەت و یاسای دژی ژن، ئاسۆی ڕزگاری ژن لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەدارییان بەرەوڕووی کۆمەڵگا کردووەتەوە؛ هەموو ئەم چالاک و تێکۆشەرانە پێگەیەکی تایبەتیان لە پێکهێنانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییەدا هەیە. ئەم ڕەوتە چەپە کۆمەڵایەتییە هەروەها ئاراستەی سۆسیالیستی ناو بزووتنەوەی خوێندکاری لەخۆدەگرێت کە لە بەرانبەر ئاراستەکانی نیئۆلیبراڵی ئێران و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان ئاڵای یەکگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکەیان بەرز کردەووتەوە. چالاکان و ڕێبەرانی بزووتنەوەی خانەنشینان کە بۆ وەدیهێنانی داخوازییەکانیان لەسەر شەقامەکان پێداگری دەکەن؛ ئەو بەشە لە نووسەران، هەواڵنێران، مامۆستایانی زانکۆ، سینەماران و هونەرمەندان کە بەرەنگاری فەرهەنگ و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیی چینی دەسەڵاتدار بوونەتەوە و لە بەرژوەند و خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان پارێزگاری دەکەن؛ ئەو هێزانەی کە لە کوردستان ئاڵای خەبات و تەسلیم نەبوون بەرانبەر بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ کۆنەپەرستانی ناوچەیی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانیان لە سەرتاسەری ئێران بەرز کردووەتەوە، بەشێک لەم چەپە کۆمەڵایەتیەن. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا سەرەڕای هەڵکشان و داکشانەکانی، بە دەورونەخش نواندنی هەر ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە دەستیپێکرد و هەروا لەئارادایە. ناوەرۆکی داخوازیی هاوبەشی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە، درووشمی "نان، کار، ئازادی" یە.

ئەگەرچی ڕەنگدانەوەی چالاکی و خەبات و پەیوەندی حیزب و ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران دەتوانین





**هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی ڕێبەریی پژاک**
**سەبارەت بە شەڕی ئیحتمالیی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی**

**بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**سەبارەت بە شکستی ستراتژی "شەڕی پێشگرانەی" ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**دەوڵەتی ئەردۆغان و ئیدیعای فریوکارانەی ئامادەیی بۆ وتووێژ لەگەڵ کوردەکان**

**سیاسەتی فاشیستی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر پەنابەرانی ئەفغانستانی**

**ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکی کارەساتی مەرگباری مەعدەنی تەبەس**

**ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**
**نا بۆ شەڕ، نا بۆ شەڕخوازان، نا بۆ حکوومەتی ئیسلامی! بژی شۆڕشی کرێکاری!**

**ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**سەبارەت بە مەرگی دڵتەزێنی کرێکارانی مەعدەنی زۆغاڵی سەنگی مەعدەنجووی تەبەس**

**ئەرک و کاری کۆمۆنیستەکان لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا**

له بردنەسەری ئاستی وشیاری و ڕوونبوونی خواستی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییەدا ببینین، بەڵام حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکانیان، تائێستا لەئاستی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نییە. بە واتایەکی تر تائێستا بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی نارەزایەتی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی حیزبی و ڕێکخراو پێک نەگەیشتوون.

کەموکوڕیەکی گرینگی ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتیە و ئەو نارەزایەتی و ئاخێزانەی کە بە هەوڵ و بەشداریی ئەم هێزە لەئارادایە، ئەو واقعیەتەیە کە ئەم حەرەکەتانە هێشتا لە بزووتنەوەیەکی واحیدی سیاسیدا بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و بۆ گۆڕینی وشیارانەی نیزامی سەرمایەداری تێکهەڵنەکێشراون. ئەم هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە خاوەنی شێوازێکی ڕێکخستن نییە کە شیاوی ئەم قۆناغە بێت و ڕێبیەریەکی سیاسی سەرتاسەریی نییە. هەربۆیە توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا تا ئێستا ئاڵتێرناتیڤێکی بەهێز لە مەیداندا نابینن کە بۆ ڕزگاری خۆیان پشتی پێ ببەستن. لە هەلومەرجی ئێستادا درێژەی بزووتنەوەی نارەزایەتی و مانگرتنی کرێکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، دەرفەتێکی گونجاوی بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ڕێکخراو و حیزبی ئێرانی خوڵقاندووە تا بە وڵامدانەوە بە پێویستی ئەم بزووتنەوانە و بە هەوڵ و یارمەتی بۆ لابردنی کۆسپ و بەربەستەکان، بتوانن بەسەر ئەم جیاییەدا زاڵ بن و پێشمەرجەکانی پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سیاسی سەرتاسەری بە ستراتێژی سۆسیالیستیەوە فەراهەم بکەن. وڵامدانەوەی هاوبەشی چالاکان و ڕێبەرانی ئەو هێزە چەپە کۆمەڵایەتییە و کۆمۆنیستە موتەحەزبەکان بە کۆسپ و بەربەستەکانی سەر ڕێگای بزووتنەوەی کرێکاری و شۆڕشگێڕانەی ئێستا، کلیلی پێک گەیشتنی ئەم دوو بەشە چەپە ڕادیکاڵ و سۆسیالیستییەیە.

لەو نێوەدا شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان کە لە



شەش حیزب و ڕێکخراوی ڕادیکاڵ و کۆمۆنیستی پێکهاتووە، بە جێخستنی هاوکاری و بەتایبەت دامەزراندنی کاناڵی هاوبەشی تەلەڤیزیۆنی بیست و چوار سەعاتە لەژێرناوی "ئاڵتێرناتیڤی شۆرایی" کە تائێستا زیاتر لە چوار ساڵە چالاکیی دەکات، و هەر کام لەم لایەنانە بە ئاست وڵامدانەوە بە کێشە و بەربەستەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و سۆسیالیزم بەرنامەکانی خۆیان لەم کاناڵەوە بڵاو دەکەنەوە و ئەو ئیمکانەیان فەراهەم کردووە کە زۆرێک لە کۆمۆنیستە سەربەخۆکانیش لەم ڕێگەوە دەنگی خۆیان بە هەڵسووڕاوانی ناوەوە بگەیەنن، هەنگاوێکی بەنرخ بووە لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی باسکراو. ئەمجۆرە چالاکییە میدیاییانە و بنکەی زانیاری و میدیایی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لەلایەن ناوەندە کرێکارییەکان و چالاکانی ڕادیکاڵی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران کاتێک پێگە و گرینگییان زیاتر دەردەکەوێ کە قەبارەی چالاکی چەندین میدیای زەبەلاحی ئیمپریالیستی وەک بی بی سی، ئێران ئینترناشناڵ، دەنگی ئەمریکا و ... و بۆمبارانی تەبلیغاتییان بۆ ڕابەر تاشین و بەلاڕێدابردنی ئەم بزووتنەوە لەبەرچاو بگرێن. هێزەکانی ئەم چەپە کۆمەڵایەتییە و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئێران بەو ئیمکاناتە میدیاییە سنووردارەی کە هەیانە، لە بەرانبەر ئەم بۆمبارانە تەبلیغاتییەی ئەواندا ڕاوەستان و بە لەقاودانی ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم تەبلیغات و پڕۆژە سیاسیانەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاستی بورژوازی هەوڵیان داوە ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی بەڕووی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەدا بکەنەوە. بەم حاڵەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی تائێستا لە دەورونەخش نواندنی مەیدانی لە بواری ڕێکخستن و ڕێبەری و سەروساماندان بە پایەی کۆمەڵایەتی ئاڵتێرناتیڤی سۆسیالیستی فاسلەی هەیە. بارودۆخی وەرچەرخاوی ئێستا لە شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان دەخوازێ کە زیاتر لە ڕابردوو لە پێگەی ڕێبەریی سیاسیدا دەرکەون. ڕێکەوتن لەسەر ئامانجی سیاسی ستراتێژیک و بۆچوونی هاوبەش لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی بەرەو بنەماکانی تاکتیکی هاوبەش و دارشتنی سیاسەتی هاوبەش لەم قۆناغە شۆڕشگێڕانەدا گەشە پێ بدەن و بۆ یەکگرتوویی بەرەی چەپ و سۆسیالیستی لە ناوەوە و دەرەوە نەخشەمەندتر کار بکەن

❊❊❊

# هەڵوێستی کۆنەپەرستانەی ڕێبەریی پژاک
# سەبارەت بە شەڕی ئیحتمالیی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامی




لەم دواییانەدا ڕێوار ئاودانان، ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی گشتی کۆما جڤاکێن کوردستان(کەجەکە) و ئەندامانی کوردیناسیۆنی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان - پژاک، لە بابەتێکدا لەژێرناوی "ئاژیرەکانی مەترسی بەم زووانە لە ئێران و ئیسرائیل خامۆش نابن"، شەڕ و کێشمەکێشی نێوان دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئاودانان لە چەند تێزی "درەوشاوەدا" خەونەکانی خۆی سەبارەت بە داهاتووی کۆماری ئیسلامی وێنا کردووە. ئەو دەنووسێت:

"ئەگەر ئێران (کە مەبەستی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە)، لە ململانێی هێژمۆنی لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوا لە کۆتاییدا سەرکەوتن و سەقامگیری درێژخایەن بەدەست بێنێت و بتوانێ ناوچەگەلێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە خاوەنی کلتووری هاوبەشن لە چواچێوەی یەکیەتییەکی دیموکراتیکدا کۆبکاتەوە، هاوشێوەی ئەوەیکە لە یەکیەتیی ئورووپای دوای شەڕی جیهانیدا شایەدی بووین، نەتەنیا پرسە ناوخۆییەکانی ئێران چارەسەر دەبێت بەڵکوو ئێران دەبێتە جەمسەرێکی بەهێز لە گشت ناوچەکەدا. ئەگینا تەنانەت گەورەترین سەرکەوتنی ڕژێمی ئێران لە دژی جیهانی ڕۆژئاوا زەمانەتی سەقامگیریی ناوخۆی ئێران و مانەوەی کۆماری ئیسلامی ناکات و خەباتی دیموکراتیکی خەڵک لە ناوەوە حکوومەت لەگەڵ ئاستەنگ و کێشەی گەورە ڕووبەڕوو دەکاتەوە."

ئاودانان لەم بابەتەدا هیچ گومانێک لەوەدا ناهێڵێتەوە کە هێزە نیابەتییەکان و هێزەکانی "میحوەری موقاوەمەت"ی کۆماری ئیسلامی بە هێزی بزوێنەری کۆماری ئیسلامی دەزانێت بۆ "کۆکردنەوەی ناوچەگەلێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە یەکیەتیەکی دیموکراتیکدا". ناوبراو دەنووسێت: "دوو جار هێرشی تۆڵەسەندنەوەی ڕاستەوخۆی ئێران بۆسەر ئیسرائیل، پێگەی هێزە نیابەتییەکانی ئێران لە ناوچەکە بەهێز دەکات... وە هێزە نیابەتییەکان لە پشتیوانیی خۆی دڵنیا دەکاتەوە و لەمە بەدوا زیاتر لە ڕابردوو دەتوانێ ئەم هێزانە لەپێناوی ئامانجەمانی خۆی بەکار بێنێت". کادری ڕێبەریی پژاک پاش گەڵاڵەکردنی ئەم تێزانە بەو ئاکامە دەگات کە: "شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل کاریگەرییەکی گەورە لەسەر مەسەلەی کوردیش دادەنێت. ئاشکرایە کە باڵی ناسیۆنالیستی سوننەتی و دەسەڵاتخوازی کوردی کە هۆگرایەتییەکی زەینی و ڕێکخراوەیی قووڵیان لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ڕۆژئاوادا هەیە، بەتەواوی لەڕاستای ئامانجەکانی ئەواندا هەنگاو دەنێن و هەمیشە بەستێنی جینوساید و کۆمەڵکوژیی کوردەکان ئامادە دەکەن. بەڵام باڵی دێموکراسیخوازی کوردی وەک لە شەڕی دژی داعشدا بینیمان دەتوانێت ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینێت لە پێشکەوتنە ناوچەیی و جیهانییەکاندا. دەتوانێ لەگەڵ ئەو لایەنانەی کە مافی دیموکراتیکی کوردەکان قەبووڵ دەکەن هەڵسووکەوتی ئەرێنیی هەبێت و لەم ڕێگەوە لەسەر چارەنووسی شەڕ و ئاڵوگۆڕەکاندا کاریگەریی بەرچاوی هەبێت و ڕۆڵێکی بنیاتنەرانە لە پرۆسەی چارەسەرکردنی قەیرانەکاندا بگێڕێت".

بەکورتی قسەی ڕێوار ئاودانان کادری ڕێبەریی پژاک و لە ڕێبەرانی "باڵی دیموکراسیخوازی کوردی" ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان لە شەڕ و کێشمەکێشی نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل دەبێ لە بەرەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بن. چونکە لە خەون و خەیاڵەکانی ئەودا، لە دوارۆژی سەرکەتن، ئەم ڕژیمە خەڵک بە کلتووری هاوبەشەوە لە یەکیەتییەکی دیموکراتیکدا کۆدەکاتەوە.

کاک ڕێوار لە کاتێکدا بە دەورونەخشی کۆماری ئیسلامی لە کۆکردنەوەی خەڵک لەژێر یەکیەتییەکی دیموکراتیک ئومێدی بەستووە کە دژەشۆڕشی کۆماری ئیسلامی، ڕەوتی سەقامگیرکردنی پایەکانی دەسەڵاتەکەی بە هێرش و سەرکوتی خوێناوی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو بزووتنەوە دیموکراتیکەکان لە ئێران و بە لەشکرکێشی بۆسەر تورکەمەن سەحرا و کوردستان و بە وەڕێخستنی شەپۆلی خوێن و ئێعدام دەستپێکرد. ئایا کاک ڕێوار ئێعدامی ڕیزەکانی لاوانی شۆڕشگێڕی کوردستان لە هاوینی ساڵی ٥٨ی هەتاوی، ئێعدامی ٥٩ کەس لە منداڵان و تازەلاوانی مەهاباد، ئێعدامی هەزاران زیندانیی سیاسی لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی، قەتڵە زنجیرەییەکانی نووسەران، خەڵتانی خوێن کردنی ئاخێزی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و کوێرکردنی چاوەکان و سەدان تاوانی دیکەی ئەم ڕژیمە جەنایەتکارەی فەرامۆش کردووە؟

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە چوار دەیەیە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و زۆرینەی خەڵکی ئێرانی لە سەرەتاییترین مافی ئینسانی خۆیان بێبەری کردووە و نیزامێکی هەڵاواردنی ڕەگەزی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ کردووە. ئەم ڕژیمە بە ڕەشبگیری و زیندان، بە ئێعدام و سەرکوتی هەرجۆرە دەنگێکی ئازادیخوازی، بە دەخاڵەتکردن لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئینسانەکان و بە ژێر پێ خستنی مافی تاکەکەسی، بە داسەپاندنی هەژاری، گرانی، پەرەپێدانی چەوسانەوە، بێکاری، گەندەڵیی ماڵی و ئیداری، جەماوەری خەڵکی ئێرانی وەگیان هێناوە. بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە دروشمی سەرەکی مەرگ بۆ دیکتاتۆر و ژن، ژیان ئازادی، ئاخێزێکی جەماوەری بوو بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو ئەم تاوان و هەڵاواردن و بێمافییانە. کاک ڕێوار، ئایا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەم کارنامە نگریس و پڕ لە تاوانەیەوە دەتوانێ لە دواڕۆژی سەرکەوتن بەسەر ئیسرائیل و ڕۆژئاوادا خەڵک بە فەرهەنگ و کلتووری هاوبەش لە یەکیەتییەکی دیموکراتیکدا کۆبکاتەوە؟ ئایا هێزە نیابەتییەکانی ”میحوەری مقاومەت“ حەشدی شەعبی و هێزە ئیسلامییە دەسەڵاتدارەکان لە عێراق، لەشکری فاتمیون لە سووریە، حیزبوڵڵا لە لۆبنان، حەماس لە غەززە و حوسییەکانی یەمەن کارنامەیەکی ڕەنگینتریان لە کۆماری ئیسلامی هەیە؟ هەڵوێستی ڕێوار ئاودانان ئەندامی ڕێبەریی پژاک نیشان دەدات کە ”دیفاع“ی ئەم ڕەوتە لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و خەباتی ئەوان دژبە کۆماری ئیسلامی هیچ ڕەسەنایەتییەکی نییە.

دەربڕینی ئەمجۆرە هەڵوێستانە لەلایەن ڕێبەری پژاکەوە بابەتێکی تازە نییە و یەکەم جاریش نییە کە ڕێبەرانی پژاک بیر لە دیموکراتیزە کردنی حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران دەکەنەوە. پێشتریش ئامەد شاهۆ ئەندامی مەجلیسی بەڕێوەبەری پژاک قەیرانی بنەڕەتی ئێرانی بە ئاکامی لادانی کۆماری ئیسلامی لە بەهاکانی سەردەمی شۆڕشی ئیسلامی و پەیمانی مەدینە بە سەرکردایەتی محەمەدی پێغەمبەری موسڵمانان، وەسف کرد. وە بۆ بونیاتنانی سیستمێکی دیموکراتیک لە ئێران و بۆ پراکتیزە کردنی، لەسەر پێویستیی خوێندنەوەیەکی نوێ لە ”پەیمانی مەدینە“ پێداگری کردەوە. پژاک کە لە ڕابردووشدا گەلێک جار بە بانگهێشتی خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنی شۆراکانی ئیسلامی لە کوردستان بەکردەوە بۆ گاڵتەجاڕی هەڵبژاردنی ڕژیم بازاڕگەرمی کردووە و هاوئاراستە لەگەڵ ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی و ”ناسیۆنالیستە سوننەتییەکان“ هەڵسووکەوتی کردووە، ئەمجارەش لە قامەتی ڕەوتێکی ناسیۆنالیستی ”مۆدێرن“ی کوردی و بە سنووربەندی کردن لەگەڵ ناسیۆنالیزمی سوننەتی، ئامۆژگاری بە خەڵکی کوردستان دەدات کە لە ئەگەری شەڕی نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل، لە بەرەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی میحوەری موقاومەت و چەپەکانی میحوەری موقاومەتدا ڕاوەستن

بەڵام کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ڕێبەری پژاک دڵنیا دەکاتەوە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستان بە پشت بەستن بە هوشیاری و ئەزموونی پتر لە چوار دەیە خەباتی مافخوازانەیان، لە شەڕی ئیحتمالیی نێوانی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا، نە دەچنە بەرەی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی و نە وەک سەڵتەنەتخوازەکان و ”چەپی خۆخۆشەویستی“ی لایەنگریان، بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە ئومێد بە مووشەکەکانی ئیسرائیل دەبەستن. شەڕی ئیحتمالی و گشتگیری نێوان دەوڵەتی فاشیست و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل و ڕژیمی فاشیستی کۆماری ئیسلامی درێژەی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و جەحەنەمێکە کە حکوومەتی ئیسلامی لە ئێران بەرپای کردووە. ئەم شەڕە شەڕێکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەیە و بۆ خەڵکی ئێران و ئیسرائیل و ناوچەکە هیچ قازانج و بەرژوەندێکی تێیدا نییە. هەروەک چۆن لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق و ڕووخاندنی ڕژیمی تاڵەبان و سەدام و ڕووخاندنی دەسەڵاتی قەزافی لە لیبی لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ناتۆ بێجگەلە وێرانی، ئاوارەیی، هەژاری و پەرەسەندنی ڕەوتە توندڕەوەکانی ئیسلامی سیاسی ئاکامێکی تری نەبوو، شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی ئیسرائیلیش ئاکامێکی لەوە باشتری نابێت.

مەترسی سەرهەڵدانی ئەم شەڕە هەتا ئێستا بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت و دابەزینی زیاتری بەهای ڕیاڵ لە بەرانبەر دۆلار، چوونەسەری نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ڕۆژانەی خەڵکی لێکەوتووەتەوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە مەزلووم نواندنی خۆی بەرامبەر بە هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، لەڕێگەی پەرەپێدانی شەپۆلی ڕەشبگیری و ئێعدامەوە، کەشوهەوای ئەمنیەتیی توندتر کردووەتەوە. لەگەڵ دەستپێکی شەڕێکی گشتگیر و پەرەسەندنی وێرانی و کوشتار، بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ بەدواداچوونی خەبات و داخوازییەکانیان دەکەونە بارودۆخێکی دژوارترەوە. بەڵام لە ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕێکی ئەوتۆ دا، ئەوە نەک ستراتێژی ڕاگەیەندراوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و بۆ کۆتایی هێنان بە هەڵاواردن، بەڵکوو تەنیا بارودۆخی خەبات و بەدواداچوونی ئەم ستراتێژییە دەگۆڕدرێت. بێگومان، جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان لە هەموو بارودۆخێکدا بە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی سەرتاسەری لەپێناوی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیدا خەباتیان درێژە دەدەن.

***

# بەیاننامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران سەبارەت بە شکستی ستراتژی ”شەڕی پێشگرانەی“ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست



کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا و عەباس نیلفرووشان فەرماندەی هێزی قودسی سپای پاسداران لە لۆبنان و سووریە لەدوای کوژرانی ئیبراهیم عەقیل و زیاتر لە دە کەسی تر لە فەرماندەکانی یەکەی تایبەتی حیزبوڵڵا و شەپۆلی تەقینەوەی مەرگباری بێسیم و ئامێرەکانی پەیوەندی ئەلەکترۆنی، پەیجەر و پەیامگرەکانی ئەم گرووپە، شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی حیزبوڵڵای بردووەتە قۆناغێ هێرشبەرانەوە و خەڵکی لۆبنانی بەرەوڕووی مەترسی درێژە و پەرەسەندنی ئەم شەڕە کردووە. لە ئاکامی ئۆپراسیۆنی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل و شەپۆلی تەقینەوەکان لەماوەی دە ڕۆژی ڕابردوو سەدان کەس لە خەڵکی ئاسایی و لەناویاندا زیاتر لە ٥٠ منداڵ گیانی خۆیان لەدەستداوە. هەزاران کەس بریندار و سەدان هەزار کەس لە خەڵک ئاوارە بوون و شەوانە لە شەقام و پارکەکان بە بێ سەرپەنا ڕۆژ دەکەنەوە. دەوڵەتی ئیسرائیل بەهۆی باڵادەستبوونی لە بواری نیزامی و تێکنۆلۆژی لە شەڕی سایبری و سیستمی هەواڵگری، گورزی توند و بێوێنەی لەم باسکە سیاسی و نیزامییەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی داوە و کادری ڕێبەری و فەرماندەکانی حیزبوڵڵا و دەستەی ڕاوێژکاری ئەوان لە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئاڵۆز و سەرلێشێواو و زەلیل کردووە. حیزبوڵڵای لۆبنان و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لەژێر باری شەرمەزاریی تیرۆری فواد شوکر لە باشوور و ئیسماعیل هەنییە لە میوانسەرای سپای پاسدران لە تاران پشتیان ڕاست نەکردبووەوە، کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە زنجیرە عەمەلیاتێکدا کە زۆر لە پێشترەوە ئامادەکاریی بۆ کردبوو، حەسەن نەسروڵڵا و دەیان فەرماندە و کادری ئەم ڕەوتەی کوشت و ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی شکستی ستراتێژیک کردەوە.
قۆناغی نوێی ئەم قەیرانە جەنگییە، لەلایەکەوە درێژەی سیاسەتی دەوڵەتی دەستی ڕاستی نەتانیاهۆیە بۆ پەرەپێدانی بەرینایی شەڕ و گۆڕینی جینوسایدی خەڵکی فەلەستین لە غەززە بۆ دەستپێکی شەڕێکی ناوچەییە. لەلایەکی دیکەشەوە درێژەی شەڕی فەرسایشی گرووپی کۆنەپەرستی حیزبوڵڵا لەدژی ئیسرائیل بەپێی نەخشەی ستراتێژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە. دەوڵەتی ئیسرائیل کە نەتیوانیوە لە شەڕی غەززەدا بە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی

بگات و لە ناوخۆی ئیسرائیلیش گرفتاری قەیرانە، مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی خۆی لە گرتنەبەری تاکتیکی هێرشبەرانە و پەرەپێدانی ڕەهەندەکانی شەڕ لە ناوچەکەدا دەبینێت. ڕژیمی کۆماری ئیسلامیش لەڕێگەی حیزبوڵڵا، واتە باسکی سیاسی و نیزامیی خۆی لە لوبنان، بە درێژەی ستراتێژی شەڕی درێژخایەن و فەرمایشی لەدژی ئیسرائیل بەکردەوە بەستێنی بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتە جەنگییەکانی دەوڵەتی دەستی ڕاستی ئیسرائیل ئامادە کردووە.

دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل کە لە غەززە بە بۆمباران و مووشەکبارانی بەردەوام و وێرانکاری؛ بە کوشتنی زیاتر لە ٤١ هەزار فەلەستینی؛ بە پەرەپێدانی قاتی و برسیەتی لەم وڵاتە؛ بە لەناوبردنی هەموو ژێرخانەکانی تەندروستی و پەروەردە و فەرهەنگی وای نیشانی داوە کە دابینکردنی "ئەمنیەتی" خۆی لە لەناوبردنی نەتەوەی فەلەستیندا دەبینێ. لەئێستادا بە ڕاگەیاندنی قۆناغێکی دیکەی شەڕ لەژێرناوی "شەڕ بۆ گەڕاندنەوەی هاووڵاتیانی ئاوارەی باکووری ئیسرائیل"، بەلایەوە گرینگ نییە کە بە ڕاگەیاندنی قۆناغی تازەی شەڕ لەدژی حیزبوڵڵا، بە کوشتار و خەڵتانی خوێنکردنی هاووڵاتییانی ئاسایی لوبنان و بە وێرانکردنی ماڵەکانیان، خەڵکی لوبنانیش بە چارەنووسی دانیشتووانی غەززە گرفتار کات. پاش هێرشی مووشەکی بۆسەر کۆنسوولخانەی کۆماری ئیسلامی لە سووریە و کوژرانی فەرماندەکانی سپا و تیرۆری ئیسماعیل هەنییە لە تاران، هێرشی ئەم دواییەی دەوڵەتی ئیسرائیل بۆسەر حیزبوڵڵا لە بەیرووت، دەبێ وشک مێشکترین ڕابەرانی کۆماری ئیسلامیشی لەوە تێگەیاندبێ کە سەردەمی شەڕی درێژخایەن و نیابەتی لەگەڵ ئیسرائیل کۆتایی هاتووە. دەوڵەتی ئیسرائیل دەیهەوێ ستراتێژی شەڕی فەرسایشیی کۆماری ئیسلامی و حیزبوڵڵا بە تاکتیکی هێرشبەرانە و شەڕی ڕاستەوخۆ و گشتگیر وڵام بداتەوە. هێرشی یەک لە دوای یەکی ئیسرائیل بۆسەر حیزبوڵڵا و ئەو زیانە قورسانەی کە لێیداوە بەمانای بنبەست و شکستی ستراتێژیکی ڕژیمی کۆماری ئسیلامی لەم شەڕە فەرسایشی و درێژخایەنەدایە.

هاودەنگیی ئەندامانی کابینەی جەنگی ئیسرائیل لە ڕاگەیاندنی قۆناغی نوێی شەڕ نیشانەی ئەوەیە کە فاشیستەکانی دەسەڵاتدار لە ئیسرائیل بۆ ئەم قۆناغە لە شەڕیش هەروەک عەمەلیاتی جینۆسایدی لە غەززە، ڕەزامەندی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئوروووپاییان لە ناتۆ وەرگرتووە. دەوڵەتی ئیسرائیل بە بێ یارمەتی نیزامی و زانیاری دەوڵەتی ئەمریکا و ئامادەکاری و نەخشەی درێژماوە نەیدەتوانی بەم خێراییە ئەم زەربە بەهێزانە لە حیزبوڵڵا بدات. بێهۆ نییە کە جۆو بایدن کوژرانی حەسەن نەسروڵڵای بە قیمەتی گیانی لانیکەم ٥٠ منداڵ و سەدان هاووڵاتی لوبنانی بە "ئیبەجێکردنی دادپەروەری" ناو برد. دەوڵەتی ئەمریکا کە پێگە ڕێبەرییەکەی لە جیهان و ناوچەکەدا لاواز بووە، لەماوەی یازدە مانگی ڕابردوو لەوپەڕی دووڕووییدا لەژێرناوی بەرەسمی ناسینی "مافی ئیسرائیل لە بەرگری لەخۆ" و بە ناردنی یارمەتی نیزامی بۆ ئەم هاوپەیمانە ستراتێژیکەی خۆی، بووەتە هاودەستی دەوڵەتی ئیسرائیل لە تاوان و جینۆساید لەدژی خەڵکی فەلەستین.

بێگومان لە ئەگەری درێژە و پەرەسەندنی ئەم شەڕە، خەڵکی ستەملێکراوی لوبنان کە لەژێر گوشاری قەیرانی ئابووری، بێکاری و گرانی و لە بارودۆخێکی سەختدان، دووبارە دەبنەوە قوربانی و ئاوارەی ئەم شەڕە ماڵوێرانکەرە دەبن. کرێکاران و خەڵکی فەلەستین، لوبنان، ئیسرائیل و ئێران کە هەر کامیان بەجۆرێک قوربانی ئەم شەڕخوازییانەن، هیچ بەرژوەندییەکیان لەم شەڕە کۆنەپەرستانەیەدا نییە. ئەم شەڕە لە بەرژەوەندی گرووپە ڕەگەزپەرست و فاشیستەکانە لە ئیسرائیل و مانەوەی نەتانیاهۆ لە دەسەڵاتی سیاسیدایە. حیزبوڵڵا و ڕژیمی فاشیستی کۆماری ئیسلامی کە شەڕی ڕاستەوخۆ و گشتگیر لەگەڵ ئیسرائیل نە لە توانای خۆیان و نە لە ڕاستای بەرژەوەندی خۆیاندا دەبینن، بە مووشەک هاویشتن و درێژەی شەڕی فەرسایشی دژی ئیسرائیل بەکردەوە خزمەت بە ئامانجەکانی شەڕی نەتانیاهۆ دەکەن.



ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە ستراتێژی "هێرشی بەرگرانە" یان شەڕی پێشگرانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، توانای بەرگری لەخۆی نییە. ئەم ستراتێژیە کە بە دامەزران و تەیارکردنی حیزبوڵڵا لە لوبنان و باقی ڕەوتە تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە ناوچەکە لەژێر ناوی "میحوەری موقاومەت"؛ بە کیبەرکێی نیزامی و پرۆژەی ئەتۆمی بە قیمەتی داسەپاندنی هەژاری و فەلاکەت و نائەمنی بەسەر ژیانی کرێکاران و زۆرینەی خەڵکی ئێران و بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا بەڕێوەچوو، گەیشتووەتە بنبەست. کادری ڕێبەری باڵای سپای پاسداران لە بواری ستراتێژیدا بێ دەرەتانە و ناتوانێ بۆ داکۆکی لە مەوجوودییەتی حیزبوڵڵا هەنگاوێک بنێ. چونکە دەزانێ ئەمە بە مانای کەوتنە ناو شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و هاوپەیمانانیان لە ناتۆیە و ئەمەش ئاکامێکی بێجگەلە نەمانی کۆماری ئیسلامی نابێت. بژاردەی "سەبری ستراتێژیکیش" کە لە کاتی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر کۆنسوولخانەی ڕژیم لە سووریە بەردەوام لەلایەن خامنەییەوە باسی لێدەکرا، جگە لە پەرەپێدانی قەیران و ململانێی باندەکانی حکوومەتی ئیسلامی، بەکردەوە بەمانای قەبووڵکردنی شکستی ستراتێژی شەڕی پێشگیرانە و بێ خاسییەت بوونی هێزەکانی "میحوەری موقاومەتە"، کە قەرار بوو لە "سووریە و لوبنان شەڕ بکەن تا ئەمنیەتی کۆماری ئیسلامی لە خورەمشار و تاران بپارێزن".

فەرماندەکانی سپای پاسداران و باقی سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا بە بیانووی پشتیوانی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئوروووپا لە جینوساید و باقی تاوانەکانی شەڕی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە و بە پروپاگەندەی درۆیانەی دیفاع لە خەڵکی فەلەستین، بە شوێن ئامانجە ناوچەییەکان و ستراتێژی شکستخواردووی خۆیانەوە بوون. ئەوان هەوڵیان داوە بەم بۆنەوە بیروڕای گشتی لە بەرینایی گرانی، هەژاری، بێکاری و نەهامەتییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو تاوانانەی کە خۆیان ڕۆژانە لەدژی کرێکاران و خەڵکی ئێرانی دەکەن بەلاڕێدا بەرن. بەڵام بۆ کرێکارانی وشیار و زۆرینەی خەڵکی ئێران ڕوون و ئاشکرایە کە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی نە لە خزمەت بەرژوەندی خەڵکی فەلەستین دایە، بەڵکوو لە خزمەت قازانج و بەرژوەندی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل و ڕێکخراوی تیرۆریستی حەماسدا بوە. ساڵەها پشتیوانی دارایی و سەربازی ڕژیمی ئیسلامی لە حەماس و حیزبوڵڵا، ئەو دەرفەتەی بۆ دەستڕاسترتین حیزبەکانی ئیسرائیل خوڵقاندوە تا بە گەورەکردنەوەی مەترسی حەماس و حیزبوڵڵا، جوومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی بگرنە دەست. ئەوان بە بیانووی بوونی حەماس، حیزبوڵڵای لوبنان و باقی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان و پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لێیان، کرێکارانی وشیار، خەڵک و هێزەکانی خوازیاری ئاشتییان لە ئیسرائیل و فەلەستین سەرکوت کردوە. ئاکامی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە پشتیوانی کردن لە ڕەوتە تیرۆریستە ئیسلامییەکان لە ناوچەکەدا ئەوەیە کە وڵاتانی کەنداو بوونە ئەنبار و جبەخانەی چەکی ئەمریکا و دەسەڵاتە ئیمپریالیستییەکانی دیکە و بوونە مەیدانی تاڵانکردنی داهاتەکانی نەوت لەلایەن ئەم دەسەڵاتانەوە.

ئاشکرابوونی بنبەستی سیاسەتی ناوچەیی و شکستی ستراتێژی کۆماری ئیسلامی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل، ئەو ڕژیمە و بزووتنەوەی کرێکاری و سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خستووەتە پێگەیەکی نوێوە. دوای کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا و عەباس نیلفرووشان و ئەو زەربە قورسانەی کە لە کادری فەرماندەیی و ڕێبەری حیزبوڵڵا دراوە، فەرماندە و کادری ڕێبەری سپای پاسداران بریاریان داوە کە جامی ژەهری ئەم شکستە دەرخواردی خامنەیی بدەن. ڕێبەریی سپای پاسدران کە زیاتر لە ٦٠ بۆ ٧٠ لەسەدی ئابووریی ئێرانیان لەژێر کۆنترۆڵدایە، لە ڕوانگەی ئابوووریشەوە بێت شەڕی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا کە مەترسی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەدواوەیە، لە بەرژوەندی خۆیان نابینن. کوژرانی ڕێبەری حیزبوڵڵا و ئەو زەربانەی کە ئەم گرووپە بەری کەوتووە و هاوکاتبوونی لەگەڵ پەرەسەندنی هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سازان لەگەڵ ئەمریکا لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆکان، گومانی بەهێزی لەناو چاوەدێرانی سیاسی و ئیدئۆلۆگەکانی ئیسلامی پێک هێناوە. لای گرووپە ئیسلامییەکانیش ئەگەری سات و سەودای کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەمریکا لەسەر چارەنووسی حیزبوڵڵا و نەسروڵڵا، گومانی ساز کردوە و گورزی گەورەی لە متمانە و ئیعتباری ڕژیم لای ئەوان داوە.

نۆشینی ئەم جامە ژەهرە بۆ ڕژیمێک کە زیاتر لە چوار دەیەیە نابوود کردنی ئیسرائیل و سڕینەوەی لەسەر نەخشەی جیهانی بانتریش لە ئامانجی سیاسی و ستراتێژیک داناوە و کردوویەتە ئارمانخوازیی ئایدیۆلۆژیک، پێگەی کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ڕابردوو لاواز کردووە. بەتایبەت لە بارودۆخێکدا کە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای هەموو هەڵکشان و داکشانەکانی هەروا بەردەوامە و پشتی جبەهەی ڕژیمی ئیسلامی نائەمن کردووە. ئەم پێگە لاوازە و بێ دەرەتانی و داماوی کۆماری ئیسلامی، بەر لە هەموو شتێک بەرهەمی پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و بەرهەمی خەباتی ژنان و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامییە. ئەوە بزووتنەوەی ئازادیخوازییە و یەکسانیخوازی

کرێکاران و خەڵکی ئێران، ڕژیمی کۆماری ئیسلامیان لە درێژەدانی سیاسەتی شەڕخوازی تووشی بەربەست کردووە. ئەم بزووتنەوانە نەتەنیا کۆماری ئیسلامیان لە پشتی جەبهە بێبەری کردووە، بەڵکوو هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیشیان کردووەتە مەیدانی خەبات و شەڕ لەدژی ئەم ڕژیمە جینایەتکارە. ئەگەر بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی سەرمایەداران لەئارادا نەبووایە؛ ئەگەر خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لە سۆنگەی گاڵتەجارییەکانی هەڵبژاردندا مۆری ناڕەوابوون و نامەشرووعبوونیان لە نێوچاوانی ئەم ڕژیمە نەدابایە؛ ئەگەر بزووتنەوەی مانگرتن و نارەزایەتی شکۆمەندی کرێکاران درێژەی نەبووایە، بێگومان فەرماندەکانی سپای پاسداران لەپێناوی دیفاع لە مەوجوودییەتی حیزبوڵڵای لوبنان ئێرانیان دەکردە پشتی جەبهەی شەڕێکی وێرانکەر بۆیان. کەوابوو ئەگەر سەرانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە تەنگانەوە و لە ئاوێنەی خۆیاندا سیمای شپرزە و ئاڵۆزی نیزامی ئیسلامییەکەیان دەبینن، کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێرانیش دەبێ لە ئاوێنەی دوژمندا هێزی هاوپشتی و هێزی خەبات و پێشڕەویی خۆیان ببینن.

ساڵی ١٤٠٣ کە خامنەیی ناوی نا "ساڵی گەشەی بەرچاوی بەرهەمهێنان بە بەشداریی خەڵک" بەهۆی شکستە یەک لە دوای یەکەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی درێژخایەن و پێشگیرانەدا، بووەتە ساڵی گەشەی بەرچاوی ماتەمینی گشتی بۆ ڕژیم بە بێ بەشداریی خەڵک. ئەزموونی ٤٥ ساڵی ڕابردووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە سەران و فەرماندەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەم کاتانەدا هەوڵ دەدەن شکست و جامی ژەهر نۆشین و عەزادارییەکانیان لەگەڵ پەرەپێدانی کەشوهەوای سەرکوت، دەستبەسەرکردنی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و وەڕێخستنی شەپۆلی ئێعدام ئاوێتە بکەن. ئەمجارە نابێ ڕێگە بدرێت ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشاری ئاکامی شکستی سیاسەتەکانی لە بواری ناوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا پشت ڕاست بکاتەوە. لەم بارودۆخەدا پەرەپێدانی مانگرتنە کرێکارییەکان لە ناوەند و دامەزراوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری وێڕای گەڵاڵە کردنی خواستی ئابووری و سیاسی دەتوانێ ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە شکست پێهێنانی ستراتێژی سەرکوت و لە زەمینگیر کردنی ماشێنی سەرکوت و زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامدا هەبێ.

مانگرتنی سەرتاسەریی کرێکاران وێڕای داخوازییە سیاسییەکان لەوانە خواستی ئازادی زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، هەڵوەشاندنەوەی خێرای حیجابی زۆرەملێ، دەتوانێ بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی دادخوازی و بزووتنەوەی خەبات لەدژی سزای ئێعدام لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری گرێ دا و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی چەند هەنگاو بەرەوپێش بەرێ. ئەگەر ئەزموونی هەموو شۆڕشەکان لە سەدەی بیستەم و ئاخێزە ئینقلابییەکان لە سەدەی بیست و یەک و ئەزموونی شۆڕشە ئینقلابییەکانی ساڵانی ڕابردووی ئێران نیشانیان داوە کە لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئێراندا مانگرتنی سەرتاسەریی کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، بڕبڕەی پشتی مانگرتنی گشتی و سیاسییە و گونجاوترین ڕەوتی پێشڕەوی شۆڕشە. لە هەمان کاتدا ئەم ئەزموونانە نیشانیان داوە کە بابەتی ڕێکخستن و شکڵدان بە ڕێبەریی شۆڕشگێڕ و سەرتاسەری ڕۆڵێکی چارەنووسساز لە سەرکەوتنی شۆڕشدا دەبینێت. لەم ڕووەوە چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری و باقی پێشڕەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لاوانی شۆڕشگێڕ لە گەڕەکەکان، پێویستە لە بارودۆخی ئێستادا لە جەرگەی گەشەپێدانی نارەزایەتییەکاندا، بابەتی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە و پەرەپێدانی پەیوەندیی ئەم تۆڕە لە چالاکان بخەنە سەرووی ئەولەوییەتەکانیانەوە.

چالاکانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی دیکە پێویستە وشیار بن و ڕێگە نەدەن کە پشتیوانی درۆینەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە خەڵکی فەلەستین و لوبنان و مەراسیمەکانی عەزاداری کە بەبۆنەی کوژرانی سەرانی حیزبوڵڵا و حەماس بەڕێوەی دەبات، کرێکاران و جەماوەری نارازی لە ئێران لە نارەزایەتی دژبە تاوان و جینوسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل و لە ڕاگەیاندنی هاوپشتی لەگەڵ کرێکاران و خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین و ڕەوتە پێشڕەو و دژبەرەکانی شەڕ و داگیرکاری لە ئیسرائیل، تووشی دوودڵی سەرلێشێواوی بکات. کرێکاران و بەشمەینەتان لە هەر شوێنێک بن، لە فەلەستین، لوبنان، ئێران و ئیسرائیل و ... قوربانی نیزامی سەرمایەدارین. کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەتوانن یەکێک لە گرینگترین پێگەکانی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان لەناوبەرن و بەستێنی گەشە و بەهێزکردنی بزووتنەوە ڕادیکاڵ و ئازادیبەخشەکان لە فەلەستین و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئامادە بکەن.

بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**٩ی ڕەزبەری ١٤٠٣ی هەتاوی**

**٣٠ی سێپتامبری ٢٠٢٤ی زایینی**

***

# دەوڵەتی ئەردۆغان و ئیدیعای فریوکارانەی ئامادەیی بۆ وتوویژ لەگەڵ کوردەکان



ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی مانگی ڕەزبەر ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە پارلەمانی تورکیە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ ئەندامانی فراکسیۆنی حیزبی داد و گەشە (ئاک پارتی)، وێڕای ئاماژە بە هەوڵ و وتەکانی "دەوڵەت باغچەلی" ڕێبەری پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی (مەهەپە) و (ڕێکخراوی ناسیۆنالیستی توندڕەو و نێئۆفاشیستی گورگە بۆرەکانی تورکیە)، قسەوباسێکی سەبارەت بە کوردەکانی تورکیە کرد. ئەردۆغان وتی: "بە سەرنجدان بە بارودۆخی قەیراناویی ناوچەکە و مەترسیی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر تورکیە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا لە تورکیە، پێویستمان بە وتوویژ و لێکتێگەیشتنە". ئەو ڕوو بە پەرلەمانتارەکانی پارتی یەکسانی و دیموکراسیی گەلان (دیم پارتی) کە لە کوردستانی تورکیە نفووزێکی زۆری هەیە وتی: "ئەگەر گفتوگۆ لەپێناوی بەرژوەند و قازانجی تورکییەدا بێت، ئێمە خۆی لێ نابوێرین. ئەو کەسانەی کە هەمیشە خۆیان بە حیزبێکی تورکییەیی پێناسە دەکەن، دەبێ لە بەرانبەر قەیرانی ناوخۆییدا کە تورکیە دەباتە سەر لێواری هەڵدێر، ڕاوەستن"

ئەردۆغان بە بێ ناوبردنی (پەکەکە)، ناڕاستەوخۆ لە وتوویژ لەگەڵ ئەم حیزبە پشتیوانیی کرد و وتی: "پێویستە هەموومان لەسەر ئەوە کۆک بین کە لە پرۆسەی دیموکراسیدا جێگەی توندوتیژی و تیرۆر نییە. ئەگەر چەکت لە دەستدا بێت، دانوستان و دیالۆگ مانای نابێت. بێگومان هێندێک شێوازی سیاسیی خۆیان گۆڕیوە".

ئەردۆغان لە وتەکانیدا وێڕای ئاماژە بە سیاسەتی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە کوردستانی سووریە و ڕێبەریی "خۆسەری ڕۆژئاوا"ش وتی: "لە بارودۆخی ئێستادا و دوای دە ساڵ پێویستە سەبارەت بە ئەوێش سیاسەتێکی نەرمتر بگرینەبەر"

"دەوڵەتی باغچەلی" فاشیست و هاوپەیمانی نزیکی ئەردۆغان، ڕۆژی سێشەممە ١٧ی مانگی ڕەزبەر سەبارەت بە کردەوەی بێوێنەی خۆی واتە دەست لێدانەوە و ئەحواڵپرسی لەگەڵ پارلەمانتارەکانی حیزبی "دیم پارتی" لە یەکەمین کۆبوونەوەی پارلەمان لە یەکی ئۆکتۆبردا وتبووی کە: "لە بارودۆخێکی تازە کەوتووین. لە سیاسەتدا هیچ پرسێک نییە کە نەکرێ چارەسەری بکەی. لە کاتێکدا کە دنیا خوازیاری ئاشتییە بە ئامانجی پێکهێنانی ئاشتی و یەکگرتوویی نەتەوەیی دەستم بەرەو خوشک و براکانم درێژ کرد. وەرن با لەم بارودۆخە هەستیارەدا وەک حیزبێکی نیشتمانی لە بەرامبەر تیرۆردا ڕاوەستین و بە گفتوگۆی ناوخۆیی بۆ ئاسایش و ئاشتی پەیوەست بن". ئەم کردەوە و وتانەی باغچەلی کە زۆر پرسیاری بەدوای

خۆیدا هێناوە، لە حاڵێکدایە کە ئەو ساڵەهایە حیزبی "هەدەپە"ی پێشوو و "دیم پارتی" ئێستای بە تیرۆریست و باڵی سیاسیی "پەکەکە" ناوبردووە و بۆ لەناوبردنیان لەگەڵ ئەردۆغان هاوکاریی کردووە

ئەردۆغان و باغچەلی لە کاتێکدا دووڕوویانە باس لە گفتوگۆ و دانوستان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستان دەکەن کە هێزە سەرکوتگەرە ئەمنیەتییەکانی تورکییە لە هەمان ڕۆژی چوارشەممەدا لە هێرشێکدا بۆسەر ماڵەکانی خەڵک لە شاری "مسرجی"، پێنج ژنە چالاکوانی سیاسی لەوانە سەرۆکی هەڵبژێردراوی شۆرای شار و ئەندامی "دیم پارتی"یان بە تۆمەتی ئەوەی سەربە "پەکەکە"ن دەستبەسەر کرد. ڕۆژی پێشتریشی لە ئیستانبوڵ پێنج لاوی چالاکی سیاسی کوردیان بە هەمان تۆمەت دەسبەسەر کرد. ئەوان لە حاڵێکدا باس لە وتووێژ و سازان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەکەن کە هەمان ڕۆژ قەدەغەکردنی ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی گەورەیان ڕاگەیاند کە بڕیاربوو لە ١٣ی ئۆکتۆبەر لە دیاربەکر لەلایەن دیم پارتییەوە بەڕێوەبچێت

بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی ئەزموون و کردەوەی فاشیستی دوو دەیەی ڕابردووی دەوڵەتی تورکییە کەمتر کەسێک وتەکانی ئەردۆغان و باخچەلییان بەهێند وەرگرتووە. بەسیە هوزات هاوسەرۆکی شۆرای ڕێبەریی "پەکەکە" لە وتووێژێکدا لە کاردانەوە بە وتەکانی ئەردۆغان و باغچەلیدا، ئەم وتانەی بە یاری تازەی ئەم دوو حیزبە ناو برد و ڕوو بەوان وتی: "ئەم قسانە ناتوانێ مەسەلەی کورد لە تورکییە چارەسەر بکات. ئەگەر خوازیاری ئاشتین بڕۆنە ئیمرالی و لەگەڵ ئۆجەلان وتووێژ بکەن". ڕێبەریی "دیم پارتی"ش ڕایگەیاندووە، ئەگەر حکوومەت بەدەربەست بێ لەم بارەوە، ئێمە هاوڕاین کە دیالۆگێک بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیە هەبێت. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی کۆماری گەلی تورکییە "جەهەپە" کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنە و زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەدا بەدەستهێناوە، لێدوانی ئەردۆغان و باغچەلی خستە ژێر پرسیارەوە و وتی: "پێویستە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە تورکییە، ڕاستگۆیانە قسە بکرێت"

کەوابوو ئاشکرایە کە وتەکانی ئەردۆغان و باغچەلی سەبارەت بە ئەنجامدانی وتووێژ و دانوستان لەگەڵ پەکەکە لە تاکتیکێکی فریوکارانە زیاتر نییە و نیشانی دەدات کە دەوڵەتی ئەردۆغان کەوتووەتە دۆخێکی لاواز و قەیراناوییەوە. هەڵبەت لەم بارودۆخەی ئێستادا، وتووێژ و سازانی تورکیە لەگەڵ پەکەکە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی ناوچەییش دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر سەداقەت و سووربوونێک لە قسەکانیاندا بووایە، دەبوو بۆ فەراهەمکردنی بەستێنی وتووێژ نەتەنیا بەڕێوەبردنی ئەم کۆبوونەوەیان قەدەغە نەکردبایە، نەتەنیا دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسییان درێژە نەدابایە، بەڵکوو دەبوو هەموو بەندکراوانی سیاسی لەوانە سەلاحەدین دەمیرتاش و عەبدوڵڵا ئۆجەلانیان بە بێ شەرت و مەرج لە زیندان ئازاد کردبایە و کۆتاییان بە بۆمباران و هێرشی درۆنی ئەرتەشی تورکییە بۆسەر کوردستانی سووریە و عێراق هێنابایە

واقعییەت ئەوەیە کە دەوڵەتی ئەردۆغان لەگەڵ گەلێک قەیرانی ناوخۆیی و ناوچەیی بەرەوڕوو بووەتەوە. پەرەسەندنی گرانی و بێکاری و دابەزینی بەهای لیرەی تورکییە و هاتنەخواری بەرچاوی توانای کڕینی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی تورکییە، نیشانەی پەرەسەندنی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییە قووڵانەیە کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئەم دەوڵەتە پێیانەوە گرفتارە. وتەکانی ئەردۆغان سەبارەت بە مەترسیی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر تورکییە کە لە دوای ئەمریکا گەورەترین ئەرتەشی ناتۆی هەیە، وە هێنانەگۆڕی باسی گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە کە هەتا ئێستا بە تیرۆریست پێناسەی کردووە و هێرشی وەحشیانەی نیزامیی کردووەتە سەر، هەر هەموویان پاساون بۆ داپۆشینی قەیران و بنبەستی سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ئاک پارتی. سەرەڕای ئەوەش، تورکییە پەیوەندیی بازرگانی بەرینی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. شەڕی جنایەتکارانەی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی غەززە و حیزبوڵڵای لوبنان نەتەنیا هیچ مەترسییەکی لەسەر تورکییە پێک نەهێناوە، بەڵکوو بەستێنی بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلی پەرەپێداوە بەتایبەت بەهۆکاری ئەوەیکە تورکییە سەرچاوە و ڕێگای دابینکردنی وزەی ئیسرائیلە. ڕۆژنامەی "زەمان"ی تورکییەش لەمبارەوە ئاشکرای کرد کە ناتەباییەکی گەورە لە نێوان کردەوە و لێدوانی ئاشکرای ئەردۆغان سەبارەت بە ئیسرائیل و پشتیوانی لە حەماس دەبیندرێت. "ئۆزگور ئۆزەل" ڕێبەری حیزبی "جەهەپە" لە کۆبوونەوەی غەیرە عەلەنی پارلمان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و نیزامی ناوچەکە، کە ئەردۆغان حازر نەبووە بەشداری تێدا بکات، وێڕای ڕەتکردنەوەی قسەکانی ئەردۆغان سەبارەت مەترسی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر تورکییە، خەڵکی دڵنیا کردەوە کە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل لەگەڵ هیچ پێوەرێکدا ناگونجێت. ناوبراو وتی لە هەلومەرجێکدا کە گەورەترین کێشەی تورکییە هەژاری و بێکاری و بژێوی خەڵکە، ئەردۆغان دەیهەوێ لەم مەسەلە بۆ ئامانجی دیکە و بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێت. بێگومان سیاسەتی حیزبی داد و گەشەی ئەردۆغان و بەگشتی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی ئەخوانی گەیتشووەتە بنبەست و تەمەنی ئەم ڕژیمە فاشیست و جنایەتکارەش هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی کۆتایی هاتووە

❊❊❊

## سیاسەتی فاشیستی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر پەنابەرانی ئەفغانستانی



لەماوەی مانگەکانی ڕابردوودا دوای پەسندکرانی چەند گۆڕانکارییەک لە یاسای کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە "هاتن و مانەوەی کەسانی بیانی"، وەزارەتی ناوخۆی ڕژیمی ئیسلامی ئەرکدار کراوە تا لەماوەی یەک مانگ دوای پێویستی بەکارهێنانی ئەم یاسایە، بەرنگاری هەموو ئەو کەسە بیانییانە بێتەوە کە بە بێ مۆڵەتنامە لە ئێران ماونەتەوە و ئەوان ڕادەستی وڵاتانی دیکە بکات. لەم ڕووەوە لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا هەموو ناوەند و دەزگا سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شارەکان هاتوونەتە مەیدان تا پەرنابەرانی بێ پەنای ئەفغانستانی کە لە دەستی ڕژیمی تاڵەبان و لەتاو هەژاری و بێکاری و برسیەتی وڵاتی خۆیان جێهێشتووە، بە زەبری زۆر و سووکایەتی و لێدان دەستگیر بکەن و ڕادەستی حکوومەتی تاڵەبان لە ئەفغانستانیان بکەنەوە

حکوومەتی ئیسلامی دەمێکە بە پەرەپێدانی پڕوپاگەندەی ڕەگەزپەرستانە و دژەئینسانی بەردەوام هەوڵ دەدات کەشوهەوای کۆمەڵگا لەدژی پەنابەری ئەفغانستانی لێڵ و ژاراوی بکات. هەڵمەتی پڕوپاگەندە دژە پەنابەری، تۆمەت و بێ ڕێزی کردن بەرانبەر پەنابەرانی ئەفغانستانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆژنامە فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەندووە. ڕۆژنامەی "جمهوری ئیسلامی" (سەر بە باندی توندئاژۆیان و خامنەیی) هەفتەی ڕابردوو، داوای لە دەوڵەت کرد کە "وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و بە ئامانجی دابینکردنی ئەمنیەتی گیانی و ماڵی خەڵک بەشێوەی زەربەتی بەر بە هاتنی کەسانی ئەفغانستانی بگرێت و ئەوانەی لە ئێرانیش دەریان بکات. ئەو بەرپرس و ناوەندانەش کە ئەم ئەرکە بەباشی بەڕێوەنابەن سزا بدرێن و لەسەر کار لابردرێن". هەفتەی ڕابردوو ئەحمەد ڕەزا ڕادان فەرماندەی هێزی ئینتزامی ڕایگەیاند کە هەتا کۆتایی ئەمساڵ دەبێ دوو ملیۆن ئەفغانستانی دەستگیر و لە ئێران دەربکرێن

لە درێژەی ئەم ڕەفتارە دژەئینسانیانە بەرامبەر بە پەنابەرانی ئەفغانستانی، چەند ڕۆژ پێش ئێستا ئۆستانداری تاران ڕایگەیاند کە پەنابەرانی بێ مۆڵەت لەم ئۆستانە لە خزمەتگوزاری شاری و غەیرەشاری بێبەری دەکرێن. بەرپرسانی ئۆستانەکانی دیکەش حزوور و دامەزراندن و جێگیرکردنی کەسانی ئەفغانستانییان

قەدەغـە ڕاگەیانـدووە. بەڕێوەبـەری گشـتی پەنابەرانـی ئۆسـتانداریی فـارس هەفتـەی ڕابـردوو ڕایگەیانـد: "هەرجـۆرە مـاڵ پێـدان، دامەزراندنـی پەنابـەران و خوێندنـی منداڵەکانیـان لـەم ئۆسـتانە قەدەغـە و سـەرپێچییە". گرووپـی لێپرسـینەوەی ئیدارەی گشـتی کەسانی بیانـی و پەنابەرانیـش ڕایگەیانـد کـە بـۆ ئـەو خاوەنـکار و خـاوەن مـاڵ و مودیـری مەدرەسـانەی کـە بـۆ ئـەم پەنابەرانـە پیشـە، مـاڵ و ئیمکانـی خوێندنـی منداڵەکانیـان فەراهـەم دەکـەن، دوووسـێ دروسـت دەکرێـت و بـە دەزگای قەزایـی دەناسـێندرێن. پەرەپێدانـی هەڵسـووکەوتی دژەئینسـانی مەقامـات و کاربەدەسـتانی کۆمـاری ئیسلامـی دژبـەم ئینسـانە سـتەملێکراوانە تـا ئاسـتێک بـووە کـە هێندێـک لـە ئۆسـتاندار و فەرماندارانـی ڕژێمیـش داوایـان لـە هاووڵاتیـان کـردووە کـە پەنابەرانـی ئەفغانسـتانی لـە خزمەتگـوزاری کۆمەڵایەتـی بێبـەش کـەن. لـە ئۆسـتانی کرمـان دادسـتانی "بەردسـیر" لەوپـەڕی بێشـەرمیدا تەنانـەت فرۆشـتنی نانـی بـە کۆچبەرانـی ئەفغـان لەلایـەن نانەواییەکانـەوە قەدەغـە کـردووە

هـەر لـەم پێوەنـدەدا سەرپاسـدار ئێسـکەندەر مۆمنـی وەزیـری ناوخـۆی دەوڵەتـی جەهادیـی پزیشـکیان خوازیـاری خێراتـر کردنـەوەی ڕەوتـی پڕتێچـووی دەیـان هـەزار دۆلاریـی داخسـتنی سـنوور لەگـەڵ ئەفغانسـتان بـووە. ئـەوەش لـە کاتێکدایـە کـە ڕژیمـی ئیسلامـی لەگـەڵ قەیرانـی ماڵیـی قـووڵ بـەرەوڕووە و کرێـکاران و توێـژە بێبەشـەکانی تـری کۆمەڵـگا ڕۆژانـە بـۆ وەدیهێنانـی خواسـتەکانیان دێنـە سـەر شـەقامەکان و دژبـە بارودۆخـی فەلاکەتبـاری ژیانـی خۆیـان دەسـت دەدەنـە مانگرتـن و نارەزایەتـی. بـەڵام ڕژیمـی دارمـاوی کۆمـاری ئیسلامـی توانـای وڵامدانـەوە بـە داخوازییەکانیانـی نییـە

پەنابەرانـی ئەفغانسـتانی کـە دەیـان سـاڵە ئـاوارە بـوون و بەمجـۆرە دەکەونـە ژێـر فشـار وسـووکایەتی پێکـردن، وڵاتەکەیـان ئەفغانسـتان خاوەنـی سـەرچاوەی سروشـتی زۆر دەوڵەمەنـد و بەنرخـی سرووشـتییە. سـەرچاوە و مەعدەنەکانـی وەک: لیتیـۆم، ئۆرانیـۆم، نـەوت، گاز، بـەردی خەڵـووز، بـەردی ئاسـن، باریت(کـە لـە بەرهەمهێنانـی نـەوت و گازدا بـەکار دێـت)، بـەردی زێـڕ، یاقـوت، زمـرد، لاجـوەرد، مەعدەنـی کانـزای سـەوز، مەعدەنـی سـەنعەتی بنـەوش، مەعدەنـی ئاڵمینیـۆم و هتـدە. بەداخـەوە ئـەم وڵاتـە لەمـاوەی پێنـج دەیـەی ڕابـردوودا بووەتـە مەیدانـی دەسـتێوەردان و هێرشـی دەوڵەتانـی سـەرمایەداری جیهانـی و ناوچەیـی بـۆ تاڵانکردنـی سـەرچاوەکانی سرووشـتی ئـەم وڵاتـە. لـە لەشکرکێشـی و داگیرکردنـی ئـەم وڵاتـە لەلایـەن سۆویەتەوە لـە کۆتاییەکانـی دەیـەی ٥٠وە بگـرە تـا دەخاڵەتـی ئەمریـکا و دەسـەڵاتەکانی دیکـەی سـەرمایەداری و داگیـرکاری لەڕێگـەی پێکهێنانـی "لۆیـی جرگـە" و یارمەتیـدان لـە پێکهێنانـی گرووپـە کۆنەپەرسـتە ئیسلامیـەکان و هاتنـە سـەرکاری تاڵەبـان لـە کۆتاییەکانـی دەیـەی ٧٠ و گەڕانەوەی ئەم دەسـەڵاتە کۆنەپەرسـتە لـە سـاڵی ١٤٠٠ی هەتـاوی، چەنـد نموونەیەکـی بەرچـاو لـەم دەسـتێوەردان و داگیرکاریانـە بـوون

لەمـاوەی نیـو سـەدەی ڕابـردوودا خەڵکـی سـتەملێکراوی ئەفغانسـتان بـۆ پاراسـتنی گیانـی خۆیـان لـە چنـگ شـەڕ و جنایاتێـک کـە دەسـەڵاتەکانی سـەرمایەداری بەسـەریان هێنـاون، پەنایـان بـۆ وڵاتانـی دیکـە لەوانـە ئێـران هێنـاوە. بـەڵام چارەنووسـی ئـەوان لـەم وڵاتانـە بێجگەلـە سـووکایەتی و بێڕێـزی پێکـردن و چەوسـاندنەوە شـتێکی تـر نەبـووە. لـە زۆر حاڵەتـدا خاوەنکارانـی بێویـژدان بـە ئاگاداربـوون لـەوە کـە کرێکارانـی ئەفغـان ئیجـازەی مانەوەیـان نییـە و لـە ترسـی دەرکـردن بێدەنـگ دەبـن، حەقدەسـتی یەکجـار کەمیـان پێـداون یـا هەرپێیـان نـەداون



کۆمـاری ئیسلامـی هەتـا چەنـد سـاڵ لەمەوبـەر بـە فریـو و سووئیسـتفادە لـە لاوان و تەنانـەت منداڵانـی ئەفغانسـتانی، بـە بەڵێنـی پێدانـی حەقـی مانـەوە، ئەوانـی لـە پێنـاوی ئامانجـی شـەڕخوازانەی خـۆی لـە گوردانەکانـی لەشـکری "فاتمیـون"دا سـازمان دەدا و لەژێرنـاوی کۆنەپەرسـتانەی "پارێـزگاری لـە حـەرەم"، ئـەوان ڕەوانـەی سـووریە دەکـرد. بەداخـەوە زۆرێـک لـەوان لـە شـەڕ دژبـە داعـش و باقیـی گرووپـە چەکـدارەکان لـە سـووریە بوونـە گۆشـتی بـەردەم تـۆپ و گیانیـان لەدەسـت داوە. ئەوانـەی کـە زینـدووش ماونەتـەوە، ئێسـتادا لـە لایـەن ئـەم ڕژیمـە دژەئینسـانیە لـە ئێـران دەردەکرێـن. کۆمـاری ئیسلامـی بەپێچەوانـەی پرەنسـیپی سیاسـی و مافـی مـرۆڤ، ژنـان و پیاوانـی پەنابـەری سیاسـی و ئەندامانـی ڕێکخـراوە سیاسـییەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی تاڵەبـان، ڕۆژنامەوانـان، چالاکانـی مەدەنـی و سـینفی ئەفغانستانیشـی دەرکـردووە و گیانیانـی خسـتووەتە مەترسـییەوە. بەپێـی سـەرچاوە سـەربەخۆکانی ئەفغـان، بەداخـەوە ژمارەیەکیـان لـە دوای دەرکـران لـە ئێـران، لەلایـەن ڕژێمـی جنایەتـکاری تاڵەبانـەوە دەسـتگیر، زیندانـی و ئەشـکەنجە و تەنانـەت ئێعدامیـش کـراون

بـەڵام کۆمـاری ئیسلامـی کـە لەگـەڵ قەیرانـی قووڵـی ئابـووری و وەرشکسـتەیی ماڵـی بەرەوڕوویـە، هـەوڵ دەدات بـە وەڕێخسـتنی هەڵمەتـی تەبلیغـی، حـزووری پەنابەرانـی ئەفغانسـتانی بەهـۆکاری بێـکاری، گرانـی، نائەمنـی، گەندەڵـی و دزی، پیسـبوونی ژینگـە و قەیرانـە ناوخۆییەکانـی خـۆی پێناسـە بـکات. ئـەوەش لـە کاتێکدایـە کـە ئـەوە نـەک پەنابەرانـی ئەفغانسـتانی، بەڵکـوو ڕژیمـی گەنـدەڵ و ئیـفلاس هێنـاوی کۆمـاری ئیسلامییـە کـە بـە گرتنەبـەری سیاسـەتی دژەئینسـانی لـە نـاوەوە و لـە ئاسـتی ناوچەکـە ژیـان و ئەمنیەتـی خەڵکـی لـە ئێـران خسـتووەتە مەترسـییەوە. پەرەپێدانـی دەرکردنـی پەنابەرانـی ئەفغانسـتانی لـە ڕاسـتیدا نیشـانەی تـرس و وەحشـەتی ڕژیمـە لـە مانـەوە و بوونیـان لـە بارودۆخـی قەیرانـاوی و شۆڕشـگێڕانەی ئێسـتادا؛ بارودۆخێـک کـە تێیـدا بزووتنـەوەی کرێـکاری و باقـی بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان بڕیاریـان داوە کـە کۆتایـی بـە تەمەنی نگریسـی ئـەم دەەسـەڵاتە گەندەڵـە بێنـن

❊❊❊

## ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تاوانباری سەرەکی کارەساتی مەرگباری مەعدەنی تەبەس

شـەوی شـەممە ٣١ی مانگـی خەرمانـان بەهـۆی تەقینەوەیەکـی ترسـناک کـە لـە قووڵایـی ٧٠٠ مـیتری دوو تووێنێلـی مەعدەنـی زۆغاڵـی "مەعدەنجـوو" لـە تەبـەس ڕوویـدا، بەداخـەوە ٥٢ کرێـکاری ئـەم مەعدەنـە گیانیـان لەدەسـت دا و ٦١ کرێـکاری دیکـەش برینـدار بـوون کـە ژمارەیەکیـان بـاری تەندروسـتییان ناجێگیـرە. محەممـەد عەلـی ئاخونـدی بەڕێوەبـەری بەنـاو قەیرانـی ئۆسـتانداریی خۆراسـانی باشـوور ڕۆژی سێشـەممە دوای تێپەڕینـی سـێ ڕۆژ بەسـەر ئـەم کارەساتە ڕایگەیانـد کـە: ”هەموو ئـەو مەعدەنکارانـەی کـە لـەم مەعدەنـەدا گرفتاربـوون بـە مـردوو حیسـاب دەکرێـن“. ڕۆژی چوارشـەممە ٤ی مانگـی ڕەزبەریـش سـەرۆکی زانکـۆی علوومـی پزیشـکیی بیرجەنـد ڕایگەیانـد کـە پێنـج کرێـکاری برینـدار ڕەوانـەی یـەزد کـراون کـە یەکیـان تووشـی مەرگـی مەغـزی بـووە. لـە مەعدەنـە جۆراوجـۆرکان و پڕبەرهەمەکانـی زوغاڵـی تەبەسـدا زیاتـر لـە ١٠ هـەزار کرێـکار لـە خراپتریـن بارودۆخـدا بـە کەمتریـن ئیمکاناتـی ئیمەنییـەوە کار دەکـەن و بـەردەوام مەترسـی مەرگیـان لەسـەرە. لەمـاوەی شـەش مانگـی ڕابـردوودا ١٢ تەقینـەوە لـەم مەعدەنانـەدا ڕوویـان داوە بـەڵام تەقینـەوەی مەعدەنـی ”مەعدەنجـوو“ خوێناویتریـن کارەسـاتی مەعـدەن لەمـاوەی چەنـد دەیـەی ڕابـردوودا بـووە

ڕێبـەران و بەرپرسـانی کۆمـاری ئیسلامـی بـە بـێ بایەخـدان بـە مەرگـی ئـەم کرێکارانـە هەوڵیـان داوە لـە بەرپرسـیارێتی بەرانبـەر بـەم کارەسـاتە خۆیـان بدزنـەوە. پزیشـکیان سـەرۆک کۆمـاری ملکـەچ و خزمەتـکاری ویلایـەت، بـە بـێ ئەوەیکـە هیـچ بەرپرسـایەتییەک لـە ئاسـت کرێکارانـی گیانبەختکـردوو و بنەماڵەکانیـان بگرێتـە ئەسـتۆ، بیـر لـە موعامەلـە و ساتوسـەودا بـە خوێنـی ئـەوان دەکاتـەوە و هـۆکاری ڕوودانـی ئـەم کارەسـاتەی سـەزا ئابوورییەکانـی ئەمریـکا و دەسـەڵاتدارانی ڕۆژئـاوا دژبـە خەڵکـی ئێرانـی ڕاگەیانـد. ئەحمـەد مێیـدەری "وەزیـری کار و ڕەفاهـی ئیجتماعـی"ی دەوڵەتـی پزیشـکیان، ئـەم کارەسـاتەی بـە ڕووداوی ئاسایی پێناسـە کـرد و لەوپـەڕی بێشـەرمیدا ڕایگەیانـد کـە: "لـەم مەعدەنـەدا هیـچ سـەرپێچییەک ئەنجـام نـەدراوە و ئەمـە بەڕاسـتی ڕووداو بـووە". غـۆڵام عەبـاس تورکـی، جێگـری دادسـتانی گشـتی کۆمـاری ئیسلامـی، بـۆ کـەم بایـەخ نیشـان دانـی ئـەم کارەسـاتە و پاکانـە کـردن بـۆ دەوڵـەت و خاوەنـکاران وتـی: ”بـە سـەرەنجدان بـە "هێندێـک" بەڵگـەی ئیـدارەی کار دەرکەوتـووە کـە لـە "هێندێـک" حاڵەتـدا بـواری ئیمەنـی لـە مەعدەنـی تەبەسـدا لەبەرچـاو نەگیـراوە. بـەڵام بـۆ زانینـی ئەوەیکـە ئـەم حاڵەتانـە تـا چ ئاسـتێک لـە ڕوودانـی ئـەم کارەسـاتەدا کاریگـەر بـوون، پێویسـتی بـە وەرگرتنـی بۆچوونـی کارناسـانی جۆراوجـۆرە“

لـە لایەکـی دیکـەوە مەجلیسـی شـۆرای ئیسلامیش بۆ فریـوکاری و لابردنـی بەرپرسـیارێتی لەسـەر خـۆی، هەیئەتێکـی تایبەتـی نـاردە شـوێنی ڕووداوەکـە تـا لێکۆڵینـەوە لەسـەر ئـەم رووداوە بکـەن و ڕاپۆرتێـک بـۆ مەجلیـس بنێرنـەوە. ئـەوان شـەوی یەکشـەممە لـە تەبـەس جەلەسـەیەکی نهێنییـان بـە بـێ حـزووری هەواڵنێریـان بەڕێوەبـرد کـە هەتـا ئێسـتا لـە ناوەرۆکـی ئـەم کۆبوونـەوە هیـچ زانیارییـەک بڵاو نەکراوەتـەوە. بـەڵام لـە هـەر حاڵـدا ڕاپۆرتەکـەی



ئەوان دەبێ بە پێی ئامۆژگارییەکەی قالیباف سەرۆکی دزی مەجلیس بێت کە وتی: "ئەم ڕاپۆرتە دەبێ بەجۆرێک بێت کە دەزگای قەزایی بتوانێ وەک کەیفەرخواست بە کاری بێنێ". پێویستە بوترێ کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕژیم هیچ زانیارییەک سەبارەت بە گیانبەختکردووان تەنانەت بە بنەماڵەکانیشیان نادەن

لێدوانە ناڕاست و چەواشەکارییەکانی بەرپرسانی حکوومەتی دژە کرێکاری کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوە دەردەخات کە ڕژیم نیازی نییە هەنگاوی جددی بۆ بەدواداچوونی ئەم کارەساتە بگرێتەبەر. لە بارودۆخێکدا کە ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە کارەساتانە زۆر لەسەرێیە، ئەم جۆرە هەڵوێستانە ئەوپەڕی نابەرپرسیارێتی حکوومەتی ئیسلامیە بەرامبەر بە ئیمەنی ژیان و تەندروستی کرێکارانی مەعدەنەکانی دیکەش. مەسەلەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، تەقینەوەکە بەهۆی کۆبوونەوەی زۆری گازی مێتان لە تونێلەکانی مەعدەنەدا ڕوویداوە. نەک هەر پرۆسەی ئاسایی ئەندازەگرتنی ڕێژەی گاز کە یەکێکە لە مەرجە سەرەتاییەکانی کارکردن لە مەعدەنەکان جێبەجێ نەکراوە، بەڵکوو سەرۆکی کانونی کاری شۆرای ئیسلامیی ڕژیم لە خۆراسان دانی بەوە داناوە کە ئەگەر تەنانەت یەک سێنسۆڕی گازی مێتان لەم مەعدەنەدا هەبووایە، تەقینەوەکەش نەدەبوو. کەمتەرخەمی سەرمایەداران و حکوومەتەکەیان لە پاراستنی ژیانی کرێکاران کاتێک زیاتر دەردەکەوێت کە کرێکاران بەردەوام ئەم بابەتەیان بەبیری خاوەنکار و بەرپرسانی حکوومەت هێناوەتەوە. وتەبێژی کۆمیسیۆنی تەندروستی مەجلیسی کۆنەپەرست لە کۆبوونەوەی عەلەنی ڕۆژی سێشەممە ٣ی مانگی ڕەزبەر دانی بەوە دانا کە کرێکارانی ئەم مەعدەنە لە کاتی سەردانەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی قاتڵیش ئەم بابەتەیان لەگەڵ ئەو باس کردبوو. هێنێدک لە ئەندامانی بنەماڵەی کرێکارانی گیانبەختکردووش بە کەناڵی تێلێگرامیی "ئۆردووی کاریان" وتووە کە کرێکارانی مەعدەن ڕۆژی هەینی، واتە یەک ڕۆژ بەر لە ڕوودانی ئەم کارەساتە مەرگبارە، دزەکردنی گازی مێتانیان بە بەڕێوەبەرانی ئەم شیرکەتە ڕاگەیاندبوو. بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەرانی پەیوەندارەوە کە ئەوانیش لە یەکەمین تۆمەتبارانی ئەم تاوانەن، هەڕەشەیان لێکراوە کە ئەگەر نارەزایەتی دەربڕن لەسەر کار دەریان دەکەن

مەعدەنی زۆغاڵی "مەعدەنجوو" سەربە شیرکەتی خسووسیی زۆغاڵی سەنگی "پەروەدە"ی تەبەسە. حکوومەتی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی بەدوای کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق، لە سەردەمی ڕەفسەنجانیدا دەستی کرد بە بەڕێوەبردنی سیستمی ئابووریی نیئۆلیبڕاڵی (واتە خسووسی سازی). بە ڕادەستکردنی کارخانە، مەعدەن و ناوەندە دەوڵەتییەکان بە قیمەتی ڕانتی بە مۆرەکانی سپای پاسداران و ئاخوند و ئاغازادەکان و نزیکانی حکوومەت لەژێرناوی خسووسی سازیدا، دەستی ئەوانی بۆ تاڵانکردن و چەوساندنەوەی کرێکاران ئاواڵەتر کرد. سەرمایەدارە تازەپێگەیشتووەکان لەڕێگەی ناوەند و دامودەزگاکانی حکوومەتەوە هەرجۆرە نارەزایەتییەکی کرێکاران بەدژی حەقدەستی سێ جار ژێر هێڵی هەژاری، خواستی دابینکردنی پێداویستی ئیمەنیی شوێنی کار، خواستی تازەکردنەوە و بەڕۆژکردنەوەی ئامرازەکانی کار و هەمووجۆرە داخوازییەکی ڕەفاهی کرێکاران، سەرکوت دەکەن. لەئێستاشدا بەرپرسان، دەزگا ئەمنییەکان، دەوڵەت و دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامی لە هەوڵی پاکانەکردن و بێ تاوان نیشاندانی خاوەنکارانی گەندەڵ و تاوانکار دان و دەیانەوێ لەڕێگەی یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامیەوە لەژێرناوی "دییە" کۆتایی بەم پەروەندە بێنن و بنەماڵە ڕەنجەڕۆ و جەرگسووتاوەکانی ئەم کارەساتە لە دانی خەسارەت و بیمە و دابینکردنی حقووق بێبەری بکەن. هەڵبەت بۆ ئەو بنەماڵانە، پێدانی هیچ بڕە پارەیەک ناتوانێت قەرەبووی لەدەستدانی ئازیزانیان بکاتەوە. بێگومان سەرانی حکوومەتی ئیسلامی و بەرپرسانی پەیوەندیدار و خاوەنکاری سەرمایەدار، تۆمەتباری سەرەکین و ڕاستەوخۆ بەرپرسی ئەم کارەساتە پڕ لە ئازارەن

لەگەڵ بەردەوامی دەسەڵاتی دز و گەندەڵی ئیسلامیدا، بەداخەوە دەبێت هەموو ڕۆژێک لە هەموو ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا شاهیدی دووبارەبوونەوەی ئەو جۆرە تاوانانە بین. پێویستە بوترێ کە ساڵی ڕابردووش لە ئاکامی پشتگوێخستن و کەمتەرخەمی حکوومەت و خاوەنکارە مفتەخۆرەکان لە ئێران، ٢ هەزار و ١١٥ کرێکار بە هۆی ڕووداوی شوێنی کارەوە گیانیان لە دەست داوە. بەڵام چینی کرێکار کە چەرخی بەرهەمهێنانی هەموو پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤی لە دەست دایە، دەتوانێت کۆتایی بەم دۆخە فەلاکەتبارە بێنێت. کرێکاران بە یەکگرتوویی و هاوپشتی، بە مانگرتن و نارەزایەتیی ڕێکخراوی خۆیان دەتوانن لە مافی ژیانی خۆیان و هاوچینەکانیان لە بەرانبەر خاوەنکارانی سەرمایەدار و حکوومەتی پشتیوانی سەرمایە، بەرگری بکەن. چینی کرێکاری یەکگرتوو و ڕێکخراو بە مانگرتن و نارەزایەتی سەرتاسەری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان نەک هەر دەتوانێ پاشەکشە بە خاوەنکار و حکوومەتی سەرمایەداری بکا، بەڵکوو دەتوانێ حکوومەتی سەرکوتگەر و تاوانکاری ئیسلامیش بخاتە زبڵدانی مێژووەوە و لەسەر وێرانەکانی ئەم حکوومەتە کۆنەپەرست و دژە کرێکاریە دەسەڵاتی خۆی دامەزرێنێت

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان

# نا بۆ شەڕ، نا بۆ شەڕخوازان، نا بۆ حکوومەتی ئیسلامی! بژی شۆڕشی کرێکاری!



لە سەروبەندی یەکەمین ساڵڕۆژی دەستپێکی کوشتار و سەزای بەکۆمەڵی زیاتر لە دوو ملیۆن کەس لە خەڵکی غەززە و کوشتنی زیاتر لە ٤١ هەزار فەلەستینی، لە جەرگەی پاکتاوی ڕەگەزی و نەتەوەیی و ئایینی لە لێواری ڕۆژئاوای چۆمی ئوردون، تیرۆریزمی دەوڵەتی ئیسرائیل هاوکات خەڵکی لۆبنانیشی خستووەتە ژێر بۆمبارانی وەحشیانەوە. بەهۆی ئەم هێرشانە هەتا ئێستا پتر لە یەک ملیۆن کەس ئاوارە بوون، دەیان هەزار کەس بریندار و کەم ئەندام بوون و وێرانی بەرینی لێکەوتووەتەوە. دەسەڵاتی ئیسرائیل لە درێژەی سیاسەتی تیرۆری ڕێکخراو و شەڕی ناڕاستەوخۆ، خۆی ئامادە دەکات تا بە بەشداریی ئەمریکا و ناتۆ لە دژی ئێران شەڕێکی ماڵوێرانکەر وەڕێبخات

دەمێکە کێبرکێ و ململانێ و گرژییە نێودەوڵەتییەکانی دەسەڵاتە گەورەکان، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەموو ئاستەکانی مەترسی و هێڵە سوورەکانی تێپەڕاندووە. شەڕ لەپێناوی دارشتنەوەی نەخشەی تازەی دەسەڵات لە جۆگرافیای سیاسی جیهاندا، بەکردەوە خەڵکی ئەم ناوچەی بەرەو جەحەنەمێکی وێرانگەر بردووە و جیهان و نەزمی نێونەتەوەیی کەوتووەتە قۆناغێکی بێ گەڕانەوە

لەم نێوەدا، کێبرکێی ناوچەیی نێوان ڕژیمی ئیسلامی ئێران و دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل، ئەم دوو بەرە کۆنەپەرست و توندئاژۆیە، پێی ناوەتە قۆناغی تێکهەڵچوونی ڕاستەوخۆوە. بارودۆخ و پێگەی ئەم دوو ڕژێمە و هاوپەیمانەکانیان وەک لایەنی کاریگەر و یەکلاکەرەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە لە ئاکام و دەرئەنجامەکانی ئەم ململانەیەدا. لەم قۆناغەدا دەوڵەتی ئیسرائیل هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە ”دۆکتۆرینی زاحیەی“ بەڕێوەبردووە، واتە سیاسەتی بەکارهێنانی نەشیاوی هێز لە غەززە و لێواری ڕۆژئاوای بۆ کۆمەڵکوژکردنی خەڵکی سڤیل و لەنابردنی ژێرخانەکان گرتووەتە بەر، تیرۆرکردنی ڕێبەران و کوشتنی فەرماندەکانیشی کردووەتە تاکتیکێکی سەرەکی. ئەم سیاسەتە ئەگەرچی نابێتە هۆی دارمانی یەکجاریی پێکهاتەیەکی سیاسی، بەڵام دەبێتە هۆی شپرزەی، ئاڵۆزی و زیانهەڵگربوونی دوژمن. کوشتنی زانایان و بەرپرسانی ئەتۆمیی ڕژیمی ئیسلامی، کوشتنی فەرماندەکانی سپای



پاسداران لە لۆبنان و سووریە، کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە تاران، کوشتنی فەرماندەکانی حیزبوڵڵا و سپای قودس و بەتایبەت حەسەن نەسروڵڵا چەند نموونەی بەرچاوی ئەم شێوازە لە شەڕن. هەروەها چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت کە ئەم ڕەوتە هەروا بەردەوام بێت. شەڕێک کە لە نێوان ڕژیمی ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیلدا دەستپێکردووە، لەئێستادا لەگەڵ لاوازبوونی بەرچاوی باسکە نیابەتییەکانی حکوومەتی ئیسلامی لە فەلەستین و لۆبنان و سووریە لە قۆناغی پێشگرانە، لە نابوودیی کەسایەتییە سەرەکییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەوڵەتی ئیسرائیل و لە گەمارۆدانی ئیسرائیل لەڕێگەی هێزە نیابەتییەکانی سەر بە ڕژیم تێپەڕیوە و چووەتە قۆناغێکی تازە و مەترسیدارەوە. لەم قۆناغەدا سێبەری شەڕێکیماڵوێرانکەر باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە

لەکاتێکدا کە سیاسەتی بەهێزکردنی تاقمە نیابەتییەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە سەرەڕای تێچووی بەرین بەرەوڕووی شکست بووە، سیاسەتی "سەبری ستراتێژیک" بەهۆی هێرشی چڕی ئیسرائیل گەیشتووەتە بنبەست، هێرشی ڕاستەوخۆی مووشەکی بەرەو ئیسرائیل بووەتە تەنیا ڕێگای وڵامدانەوەی سنوورداری ڕژیم. بەڵام ئەم هێرشە ڕاستەوخۆیانە بووەتە هۆکارێکی گرینگ لە بەهێزکردنی پشتیوانی ناوخۆیی و نێونەتەوەیی لە دەوڵەتی ڕاست و توندئاژۆی نەتانیاهو. ئەمەش ڕێگای بۆ سەپاندنی سیاسەتی هێرشی بەرین بۆسەر ئێرانی خۆش کردووە و هەوڵی دەوڵەتی پزیشکیانی بۆ چوونەدەر لە پەراوێز و پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای بەرەوڕووی شکست کردووەتەوە. سەرەڕای ناردنی پەیامی ئاشکرا و نهێنی بۆ ئەمریکا بەمەبەستی خۆڕێکخستن لەگەڵ دەسەڵاتەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی بەرجام، سیاسەتی هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕووسیە و چین و ناردنی مووشەک و درۆن بۆ ڕووسیە لە شەڕی ئۆکراین، خاڵی لاواز و هۆکاری شکستی ئەم هەوڵانەیە. دەوڵەتی نەتانیاهۆش بە کوشتنی ئیسماعیل هەنییە لە تاران، حەسەن نەسروڵڵا و زۆرینەی فەرماندە نیزامییەکانی حیزبوڵڵا، و ناردنی پەیام بۆ خەڵکی ئێران، هەوڵەکانی خۆی زیاتر پەرەپێداوە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بکێشێتە ناو شەڕێکی بێ گەڕانەوە و ئەمریکاش زیاتر بێنێتە ناو ئەم کێشمەکێشەوە

کێبرکێی دوو دەسەڵاتی ئاپارتایدی ئایینی یەهوودی و ئیسلامی، دەرگاکانی جەحەنەمی وێرانی و مەرگی بەرەوووڕی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووەتەوە. بێگومان گەورەترین قوربانییانی ئەم شەڕە، خەڵکی ئەم ناوچەیەن. شەڕی دوو ڕژیمی تاوانکار، شەڕی خەڵک نییە. هەرگیز نابێ باوەڕ بە بەڵێن و پەیامەکانیان بکەین. ئێمە پەیامەکانی ئەوانمان لە سەرکوتی خوێناویی خەڵکی ئێران لەماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوو، لە پاکتاوکردن و کۆمەڵکوژکردنی ترسناکی خەڵکی فەلەستین لە غەززە و لێواری ڕۆژئاوادا بینیوە. بێگومان دنیا بە بێ تیرۆریستە تاوانکارە دەوڵەتی و ئیسلامییەکان، دنیایەکی ئەمنترە. سەرکەوتنی هیچ کام لەم دوو لایەنە لە خزمەت ئامانج و بەرژوەندی خەڵکدا نییە

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان، شەڕی تاوانکارانەی ئیسرائیل بەدژی خەڵکی مەدەنی لە فەلەستین و لۆبنان بە تاوانی شەڕ دەزانێت و خوازیاری ئاگربەستی دەستبەجێ و بێ شەرت و مەرج لە هەموو بەرەکانی شەڕ لە غەزە و لێواری ڕۆژئاوا و لۆبنانە، ڕاگرتنی دەستبەجێی بۆمباران، لابردنی هەموو بەربەستەکانی گەیشتنی یارمەتیی مرۆیی بۆ خەڵکی فەلەستین لە غەززە و لێواری ڕۆژئاوای چۆمی ئوردون و لۆبنانە. شۆرای هاوکاری، هەموو هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی گرژی و شەڕ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێران مەحکووم دەکات. ئەم شەڕە شەڕی خەڵک نییە. شەڕی پەرەپێدانی دەسەڵاتە. شەڕێکە بۆ بەهێزکردنی ڕژیمە تاوانکارە سەرمایەدارییەکان لە ئێران و ئیسرائیل. شەڕێکە بۆ بەهێزکردنی کۆمپانیاکانی دروستکردنی چەک. گەورەترین قوربانییانی ئەم شەڕە خەڵکی ناوچەکە و ڕەوتی شۆڕشگێڕ لە ئێرانە. دەبێ بە هەموو تواناوە بەرەنگاری ئەم شەڕە بینەوە

لە هەموو هێزێکی چەپ و کۆمۆنیست، لە چینی کرێکاری جیهانی، لە هەموو هێزێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان داواکارین دەنگی خۆیان لەدژی شەڕ و شەڕخوازان، لە دیفاع لە ڕەوتی شۆڕشگێڕ لە ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، بۆ پێگەوەژیانی خەڵکی ناوچەکە، بۆ بەڕەسمی ناسینی دەوڵەتی سەربەخۆی فەلەستین، بۆ ئازادی و بەرابەری و سۆسیالیزم بەرز بکەنەوە. پێویستە بۆ جارێکی تر لەدژی شەڕ، لەدژی شەڕخوازانی دەسەڵاتدار بڕژێینە سەر شەقام!

بڕووخێ نیزامی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی

بژی ئازادی – بژی سۆسیالیزم

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان**

**٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤**

**واژۆکان: ئیتحادی سۆسیالیستی کارگەری، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری – حێکمەتیست، سازمانی ڕاهی کاریگەر، سازمانی فەدائیان (ئەقەلیەت)**

❊❊❊

## ناوەندی نووسەرانی ئێران

## کارەساتی مەعدەنی تەبەس ئاکامی بێمافی و چەوسانەوەیە، نەک ڕووداوێکی ئاسایی!




ڕۆژی سێشەممە ٣١ی مانگی خەرمانان بەهۆی دزەکردنی گاز و تەقینەوە لە مەعدەنی زۆغاڵی سەنگی تەبەس دەیان کرێکار کوژران و بریندار بوون. هەواڵنێرییەکان سەرەتا باسیان لە کوژرانی ٣٨ کرێکار و بێسەروشوێن بوونی ١٤ کرێکاری دیکە کرد. بەڵام ئێستا باس لەوە دەکرێ کە ٥٢ کەس لەو کرێکارانەی کە لە تونێلەکانی ئەم مەعدەنەدا خەریکی کار بوون گیانیان لەدەستداوە و چالاکیی فریاوگوزاری تەنیا بۆ دەرهێنانی تەرمی کرێکاران بەردەوامە. ژمارەیەکیش لە کرێکارانی ئەم مەعدەنە بە توندی بریندار و ژاراوی بوون

ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان ڕواڵەتی دڵتەزێنی ئەم ڕووداوە باس دەکەن. مەعدەنچییەکان بەر لە ڕوودانی ئەم کارەساتە سەبارەت بە نەبوونی ئیمەنی و ئیمکاناتی پێویست بەردەوام سکاڵایان تۆمار کردووە و هۆشدارییان داوە. بنەماڵە کوژراوەکان لە ڕەنج و سەرگەردانیدا بەسەر دەبەن و هێندێکیان ڕایانگەیاندووە کە "پارەی هەڵگرتنی تەرمی ئازیزانیشمان دەبێ خۆمان بیدەین و تەنیا چەند کوتە سەهۆڵێکمان پێدەدەن تا لەسەر تەرمەکان دایبنێین". هەروەها باس لەوە دەکرێ کە هەواڵنێرانی سەدا و سیمای حکوومەت بە هێندێک لە کرێکاران و دەربازبووانیان وتووە کە دەبێ چی بڵێن و چی نەڵێن!

ئەم فشارانە لەسەر کرێکاران و کەسوکاری قوربانییەکان لە کاتێکدایە کە بە وتەی هێندێک لە بەرپرسانی حکوومەت تەنانەت "کەمترین ئاستی ئیمەنی" لەم مەعدەنەدا لەبەرچاو نەگیراوە. بەرپرسان و ئاژانسەکانی هەواڵی "فەرمی" بەردەوام ئەم جۆرە کارەساتە دڵتەزێنانە بە ڕووداوی ئاسایی ناودەبەن و هەر هەموویان هەوڵ دەدەن ڕوودان و دووپات بوونەوەیان سرووشتی و ئاسایی نیشان بدەن. بەڵام هیچ بەشێک لەم کارەساتانە "سرووشتی" نین. لە کاتێکدا کە بوون و ژیانی کرێکاران لە بارمتەی یاسای چەوسێنەرانە دایە، لە کاتێکدا کە مافی هەرجۆرە کۆبوونەوە و ڕێکخراوی سەربەخۆیان لێ زەوت دەکرێ، ئەگەر ڕووداوێکیش ڕوویدات، ئەم ڕووداوە ئاکامی بێ مافی و چەوساندنەوەیە

بەپێی ئاماری فەرمی "پزیشکی قانوونی" لە ساڵی ١٤٠٢دا


بەهۆی ڕووداوەکانی کار نزیکەی دوو هەزار کرێکار گیانیان لەدەست داوە و ٢٧ هەزار کرێکاریش بریندار بوون. ئەگەر وەسفی بارودۆخی ژیانی کرێکاران بخەینە پەنا ئەم ئامارانە،

ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی زۆریان لە هەوڵی دابینکردنی بژێو دان نەک ژیان. ڕەوایەتی ڕوودانی تەقینەوەی مەعدەنی تەبەس و هەروەها وەزعی حەقدەست و ئیمکاناتی کرێکارانیش خۆی سەلمێنەری بەرینایی چەوساندنەوەی کرێکارانە

کوژرانی مەعدەنچییانی تەبەس یەکەمین ڕووداوی ناخ هەژێن نییە و ئەگەر ئەم بارودۆخە هەر بەم شێوەیە درێژەی بێت دوایین ڕووداویش نابێت. ئەم کارەساتانە هەموو جارێ هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە تووڕەیی و هاوسۆزیی گشتی بەدوای خۆیدا دێنێ ئەم پرسیارەش دێنێتە گۆڕێ کە بۆچی دەنگی ئەم کرێکارانە نەبیستراوە؟ بۆچی ئێستا دەنگی دەربازبووان نابیسترێ؟ بۆچی دەنگی کرێکارانی شازەند و تەزەرە و شوێنەکانی تر نەبیسترا؟

وڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە و لە سۆنگەی ناڕەزایەتییە بەرینەکانی ئەمساڵانەدا ڕوونتریش بووەتەوە. مافی بەڕێکخراوبوونی ئازادی کرێکاران، مافی کۆبوونەوە و مافی ئازادیی ڕادەربڕین سەرەتاییترین مافە کە ئەوان لە تاک مانەوە و بێ دەنگی دەردێنێت. ئیمکانێک کە سەربەخۆیی بەکۆمەڵیان زەمانەت دەکات تا خۆیان داخوازییەکانیان باس بکەن و خۆشیان وەدیی بێنن. وە ئیتر فەرمانی "چ بڵێن و چ نەڵێن" لە کاردا نەبێت

بێگومان تەنیا لەم ڕێگەوە، نەک لەڕێگەی ئۆمێد بەستن بە بەڵێن و شانۆی بێ ئاکامی بەرپرسانی حکوومەت، ئیمکانی گۆڕینی ئەم بارودۆخە دڵتەزێنەی کرێکاران دێتە دی. تا تەقینەوەیەکی تر و کارەساتێکی تری لەم شێوەیە ڕوو نەدات. تا لەمە بەدوا ئاماری دڵتەزێنی گیانلەدەستدانی کرێکاران "تەبیعی" و ئاسایی نیشان نەدرێ

ناوەندی نووسەرانی ئێران

٤ی ڕەزبەری ١٤٠٣

## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## سەبارەت بە

## مەرگی دڵتەزێنی کرێکارانی مەعدەنی زۆغاڵی سەنگی مەعدەنجووی تەبەس

بەپێی ڕاپۆرتەکان، کاتژمێر ٩ی شەوی شەممە ٣١ی خەرمانانی ١٤٠٣ بەرابەر بە ٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٤ بەهۆی تەقینەوە لە مەعدەنی زۆغاڵی سەنگی مەعدەنجووی تەبەس لە ئۆستانی خوراسانی جنووبی، زیاتر لە ٥٠ کرێکار گیانیان لەدەست دا و پتر لە ٢٠ کرێکاریش برینداربوون. کرێکارانی ئەم مەعدەنە لە سێ بلۆکی "ئێی و بی و سی" خەریکی کار کردن بوون کە ئەم تەقینەوەیە لە بلۆکی "سی" دا ڕوویداوە. هۆکاری تەقینەوەی ئەم مەعدەنە بڵاوبوونەوەی گازی مێتان بووە کە بووەتە هۆی ئاگرکەوتنەوە و ڕووخانی دیواری مەعدەنەکە. بەڵام هۆکاری ژمارەی زۆری قوربانییان، "خنکان" بەهۆی کۆبوونەوەی ئەم گازە ڕاگەیەندراوە.

چارەنووسی ژمارەیەک لە کرێکاران کە لە قووڵایی ئەم مەعدەنەدا گرفتاربوون هەتا ئێستا ناڕوونە. تیمەکانی فریاکەوتن دەبێ خۆیان بگەیەننە قووڵایی ٧٠٠ میتری بۆ ئەوەی بتوانن تەرمی ئەم کرێکارانە بێننە دەر. بڵاوبوونەوەی وێنەی دڵتەزێنی هێنانە دەری تەرمی کرێکارانی گیانبەختکردووی ئەم مەعدەنە لەئاستی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هاوسۆزی و هاوپشتیی بەرینی خەڵکی لەگەڵ مەعدەنچیان و بنەماڵەکانیان و تووڕەیی و بێزاریی ئەوانی لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرمایەدارانی بەشی خسووسی بەخاتری بایەخ نەدانیان بە ئیمەنی شوێنی کار، لێکەوتووەتەوە

تەقینەوەی مەعدەنی زۆغاڵی سەنگی مەعدەنجووی تەبەس کە خاوەنەکەی شیرکەتێکی خسووسییە و لە ناوچەی مەعدەنی پەروەدەی ٣ی تەبەس چالاکی دەکات، یەکێکە لە مەرگبارترین ڕووداوەکانی مەعدەنی زۆغاڵی سەنگ لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا. ئەم تەقینەوە و ئەم مەرگە دڵتەزێنانە کە بنەماڵەی مەعدەنکاران و گشت چینی کرێکار و خەڵکی ئێرانی خەمبار کردووە لە کاتێکدا ڕوو دەدات کە بەپێی ئاماری "سازمانی پزیشکی قانوونی" لە ئێران لە ساڵی ١٤٠٢ەوە لانیکەم دوو هەزار و ١١٥ کرێکار بەهۆی ڕووداوەکانی شوێنی کارەوە گیانیان لەدەست داوە. ئەوەش لەکاتێکدایە کە هەواڵی زۆرێک لەم مەرگە خامۆشانە تەنانەت لە ستوونی ڕووداوی ڕۆژنامەکانیشدا دانانرێ. بەشێکی زۆر لە ڕووداوە مەرگبارەکانی شوێنی کار لە کارگاکانی دەرەوەی بازنەی یاسای کار ڕوو دەدات کە تێیاندا کرێکاران نە گرێبەستی کار و نە مافی بیمەیان هەیە

لەڕاستیدا تەقینەوەی مەعدەنەکان، ڕووداو و مەترسییەکانی کار، مەرگی بەڕواڵەت لەناکاو و بێ ئەژمار، پەککەوتن و کەم ئەندامبوون، نەخۆشییە مەترسیدارەکانی سەرچاوەگرتوو لە پیسبوونی شوێنی کار، تەنیا گۆشەیەکن لە ئاکامی هەڵسووکەوتێک کە سەرمایەدارانی بەشی خسووسی بە هاودەستی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەپێناوی هەرزانکردنی هێزی کاردا دەرحەق بە کرێکاران ئەنجامی دەدەن. ئاشکرایە کە بۆ کۆتایی هێنان بەم نەهامەتییانە لە ئێران و بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری و فەلاکەتێک کە چینی کرێکاری ئێران لە چنگیدا گرفتارە دەبێ نیزامی سەرمایەداریی کۆماری ئیسلامی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکەندرێ. بۆ ئەوەی کرێکاران نەبنە قوربانیی کار و بەرهەمی سەرمایەداری، دەبێ دەسەڵاتی سەرمایەداری بەسەر کار و بەرهەمهێنانی کۆمەڵگادا کۆتایی پێ بێت. پێویستە حکوومەتی کرێکاران هەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لە دەستی سەرمایەدارەکان دەربێنێت. تا پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی ببێتە پرۆسەیەکی ئینسانی و وشیارانە و بخرێتە خزمەت خۆشبژێوی، پەروەردەکردنی تواناکان و بینای ژیانی ئینسانە ئازاد و یەکسانەکان

بەڵام هەتا کاتێک کە دەسەڵاتی نگریس و تاوانکاری سەرمایەداری ئیسلامی لەسەر کارە، هەتا کاتێک کە لۆژیکی سەرمایەداری حوکم دەکات و کرێکاران لە مافی ئینسانیی خۆیان بێبەرین، تەنیا ڕێگای بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخەی ئێستا، لە هەموو شوێنێک، یەکگرتوویی و هێزی چینایەتیی ڕێکخراو و وشیاری چینی کرێکارە. ئەو چینە کە دەیهەوێ ئەم نیزامە دژەئینسانە لەگۆڕ بنێ. بۆ بەدواداچوون و ناساندنی هۆکار و تاوانبارانی ئەم ڕووداوە دیاریکراوە، زەمانەتکردنی ئیمەنیی شوێنی کار و پێدانی خەسارەت بەو کرێکار و بنەماڵانەی کە لەم کارەساتەدا زیانیان بەرکەوتووە، پێویستە هێزی یەکگرتوو و ڕێکخراوی کرێکاران بکەوێتە کار و خواستی دەستبەجێ و بەپەلەی چینی کرێکار بەسەر خاوەنکار و دەوڵەتی جەهادیی پزیشکیاندا بسەپێنێت

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران وێڕای دەربڕینی بێزاری لە بایەخ نەدانی خاوەنکاری ئەم شیرکەتە خسووسییە و ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە هۆکاری سەرەکی ئەم کارەساتە ئینسانییانەیە، پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی خانەوادە و کەسوکاری ئەو ئازیزانە و هاوکارەکانیان لەم مەعدەنە و سەرجەم کرێکارانی ئێران دەکات. بێگومان خەڵکی شەریف و زەحمەتکێشی ئەم ناوچەیە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و ڕێزگرتن لە یادی کرێکارانی گیانبەختکردوو و هاوخەمی لەگەڵ کەسوکاری ئەم ئازیزانە دەکەنە ناوەندی یەکگرتوویی و هاوپشتی و دەربڕینی بێزاری لە بارودۆخی ئێستا. وە بەدڵنیاییەوە بەشەکانی دیکەی چینی کرێکاری ئیرانیش بە هەر شێوەیەک کە بۆیان بگونجێ هاوپشتیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی ئەم ئازیزانە ڕادەگەیەنن و ناڕەزایەتی خۆیان دژبەم جنایەتانەی شوێنەکانی کار دەردەبڕن

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١ی ڕەزبەری ١٤٠٣

٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٤

❊❊❊

# ئەرک و کاری کۆمۆنیستەکان لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا




بانگەشەی سیاسی و سەرجەم چالاکییەکانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەم قۆناغەدا پێویستە لە خزمەت بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی خوارەوەدا بێت

- بەو پێیەی پەرەپێدانی سەرکوت لە بنەما سەرەکییەکانی ستراتێژی مانەوەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییە، بەرژەوەندی خەباتی چینی کرێکار پێویستی بەوەیە کە تێکشکاندنی ئەم سیاسەتە ستراتێژییە و زەمینگیرکردنی ماشێنی سەرکوت و زەمانەتکردنی پێشڕەوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی ئیسلامی، یەکێک لە میحوەرەکانی ستراتێژی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری بێت. چینی کرێکاری ئێران تەنیا بە بەشداری لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگا بو ئاوێتەکردنی خەباتی ئابووری لەگەڵ خواستی سیاسی و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای داکۆکی کردن لە ئازادی هەموو زیندانیانی سیاسی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و یاسای حیجابی زۆرەملی و ... و بە بەڕێوەبردنی مانگرتنی سەرتاسەری لە ناوەند و دامەزراوە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و بە بوون بە برەبڕەی پشتی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان دەتوانێ ئەم ئەرکە بەجێبێنێت. لەم بوارەدا پەیوەندی و هاوکاریی بەردەوامی چالاکان و پێشڕەوانی کرێکاری لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری یەکجار گرینگە

- بەو پێیەی پێکهێنانی ڕێکخراوی جەماوەری و چینایەتیی کرێکاران پایەی سەرەکی پێشڕەویی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێرانە و هەوڵدان لەم بوارەدا یەکێک لە ئەولەوییەتەکانی هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستیی بزووتنەوەی کرێکارییە، دەبێ نیشان بدرێ کە لەسەر بەستێنی کەشوهەوای شۆڕشگێڕانەی گشتی لە کۆمەڵگا، درێژەی بزووتنەوەی مانگرتنی کرێکاران بە پشت بەستن بەو کادر و ڕێکخراوانەی کە لە جەرگەی خەباتی چینی کرێکاردا پەروەردە بوون، پێکهێنانی شۆرا کرێکارییەکان و باقیی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران مومکینە

- بەو پێیەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەپێناوی پێشخستنی سیاسەتی ستراتێژیکی پەرەپێدانی سەرکوت و پاراستنی دەسەڵاتەکەی، تۆڕێک لە هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتییەکانی حیزبی پادگانیی سپای پاسداران و سازمانی بەسیجی لە گەڕەکەکانی شارەکانی ئێران پێکهێناوە کە خەریکی هەواڵگری و لەداوخستنی چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتین، سەرەنجدانی سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری بە ڕێکخستنی کرێکاران لە شوێنی ژیانیان یەکجار گرینگە. چالاکیی تۆڕەکانی سیخوڕی و ئەمنیەتیی سپا و بەسیج دەکرێ بە ڕێکخستن لە خوارەوە و بە پێکهێنان و پەرەپێدانی تۆڕەکانی لاوانی شۆڕشگێڕ، ناوەندە جەماوەرییەکان و شۆڕاکانی گەڕەکەکان پووچەڵ بکرێتەوە

- چینی کرێکار بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی چینایەتیی زاڵ پێویستە هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی دایکانی دادخواز و ... لەگەڵ خۆی هاوڕێ و یەکگرتوو بکات. لەم ڕووەوە پتەوکردنی پەیوەندی هەڵسووڕاوان و ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوانە پایەیەکی گرینگی چالاکیی نەخشەمەندی سۆسیالیستەکانی بزووتنەوەی کرێکارییە

- هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی بزووتنەوەی کرێکاری بەو ئامانجە کە چینی کرێکار بتوانێ ئەرکی مێژوویی خۆی بەسەرەنجام بگەیەنێ، پێویستە لە حیزبی کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕدا خۆیان ڕێکبخەن. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەردەوام درێژە بە تێکۆشان و خەباتی خۆی دەدات بۆ ئەوەی ببێتە زەرفی یەکگرتوویی کۆمۆنیستەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و هەموو ئینسانە شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستەکان

- بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژن، ژیان، ئازادی تەنیا بزووتنەوەیەکی سەلبی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نییە. جەماوەری ڕاپەڕیو دژبە هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، دژبەو نابەرابەری و بێبەشی و هەڵاواردن هاتوونەتە مەیدانی خەباتەوە. سەرچاوەی هەموو ئەوانە نیزامی سەرمایەداریی ئێرانە. بەم ئیعتبارە ئەم بزووتنەوەیە نەتەنیا ئامانجی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، بەڵکوو خەسڵەتی دژە سەرمایەداریشی هەیە. خەڵک بەدروست بۆ وەدیهێنان و بەرپاکردنی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و بەرابەر و خۆشبژێو چاویان لە ئیمکانات و سەروەت و سامانی ئەفسانەیی ئێران بڕیوە کە لە چنگ کەمینەیەکی مفتەخۆردایە. کەوابوو کردنەوەی ئاسۆی سۆسیالیستی، ئاسۆی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و بەشمەینەتان بەڕووی ئەم بزووتنەوە، یەکێک لە میحوەرەکانی کاری هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بەش بە حاڵی خۆی پێویستە بە درێژەدانی چالاکی سیاسی و تەبلیغی، لە جەماوەریتر کردنەوەی هەرچی زیاتری دروشمەکانی وەک "نان، کار، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی"، "ئازادی، بەرابەری، ئیدارەی شۆرایی" یارمەتیدەر بێت

- پێویستە لەپێناوی پەرەپێدانی ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستیدا لێبڕوانە و بەردەوام هەڵوێست و ستراتێژی سیاسیی بەشە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازیی ئێران کە ئامانجیان تێکشکاندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەیە، بۆ جەماوەری کرێکاران و خەڵک ڕوون بکرێتەوە. پێویستە بەڕوونی نیشان بدرێت کە بەرنامەی ئابوورییان، کە هەمان سەرمایەداریی بازاڕی ئازاد و نیۆلیبراڵە بە مودیریەتی غەیری ئیسلامییەوە، لەگەڵ پلاتفۆرمی داخوازییەکانیان و ئەو وادە و بەڵێنانەی کە بە خەڵکی دەدەن چەندە ناتەبایە

- بەشداری بەرین و پێشەنگی ژنان یەکێک لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا بووە و پێویستە کاریگەری و ڕۆڵی ژنان لە هەر وەرچەرخانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر لە ڕابردوو ئاشکرا بکرێت. بزووتنەوەی ژنان بە بەسەرنجدان بە پێشینە و بە بارودۆخێک کە تێیدایە تەنیا بە گرتنەبەری ستراتێژی سیاسی سۆسیالیستی دەتوانێ، هەر ئاستێک لە پاشەکشەی ڕژیمی ئیسلامی و کرانەوە لە کەشوهەوای سیاسی کۆمەڵگا بخاتە خزمەت کۆتایی هێنان بە هەڵاواردنی ڕەگەزی و ستەم بەرانبەر بە ژنان. یەکێک لە پایەکانی ستراتێژی سۆسیالیستی لە بزووتنەوەی ژناندا، جەماوەری کردنی ئەم بزووتنەوەیە و هێنانی ژنانی کرێکار و زەحمتکێش بۆ گۆڕەپانی خەبات لەئاستی ملیۆنیدایە. هەڵسووڕاوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی ژنان پێویستە کار و چالاکی لەناو ئەم جەماوەرە مەزنەی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، بەتایبەت لە گەڕەکە پەراوێزنشینەکان بکەنە تەوەری سەرەکی چالاکییەکانیان و لە ڕێکخستنیان لەناو شۆرا و ئەنجومەن و ناوەندە جەماوەرییەکاندا یارمەتیدەر بن

- لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا قەیرانی ژینگە و سیاسەتی دژەژینگەی حکوومەتی ئیسلامی کە هەستی، سڵامەتی و ئاسوودەیی ئینسانەکانی خستووەتە مەترسییەوە، بووەتە بەستێنی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و خەباتی جەماوەری لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان. بەشداری چالاکانە لەم بزووتنەوە و حەرەکەتە ناڕەزایەتییانە بۆ پاراستنی ژینگە و هەوڵ بۆ پەرەپێدانیان، بوارێکی خەباتی کۆمۆنیستەکانە بۆ دابینکردنی ڕێبەریی بزووتنەوەی سۆسیالیستی چینی کرێکار لە خەباتی گشتیدا لە پێناوی ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و نیزامی چینایەتیی دەسەڵاتدار. تەنیا بە بەشداریی چالاک لەم خەباتەدا دەتوانین لە بەلاڕێداچوونی ڕێگری بکەین و نەهێڵین ئەم ناڕەزایەتییانە ببنە هێزی پاشکەوتی باڵێکی بورژوازی لەدژی باڵێکی دیکە

- پێشمەرجێکی دیکەی پێشڕەویی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەرییە. دیاردەی ڕێبەری لە بابەتی ڕێکخستن جیا نییە. ئەم بزووتنەوەیە بە ڕادەی پێشکەوتنی لە بواری ڕێکخستندا، ڕێبەریشی هەبووە. ئاخێز و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و مانگرتنەکانی کرێکاران لەماوەی ساڵانی ڕابردوو، ڕێبەرانی خۆی پەروەردە کردووە. پێکەوە لکاندن و بە یەک پەیوەست بوونی ئەم ڕێبەرە خۆجێیانە دەتوانێ هەنگاوێک لەپێناوی شکڵدان بە ڕێبەریی سەتاسەری بێت. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران پێویستە یارمەتیدەری ئەم ڕەوتانە بێت

- لە دەرەوەی وڵات زۆرێک لە پەنابەران و کۆچبەرانێک کە خۆیان لەژێر فشاری سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا پەنایان بۆ دەرەوەی وڵات بردووە، ئەمڕۆ لە ڕیزی ناڕەزایەتی گشتی لەدژی ڕژیم و بە نیشانەی هاوپشتی

لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران دێنە سەر شەقام. ئێمە بە هاوکاری لەگەڵ هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی دیکە پێویستە بەشێوەیەکی بەرین هەوڵ بدەین هەموو ئەو ئینسانە ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازانەی کە لە ناڕەزایەتی دژبە دیکتاتۆری و زەبروزەنگ لە ئێران و بۆ ڕزگاریی کرێکاران، ژنان، لاوان، نەتەوە ژێر ستەمەکان و هەموو خەڵکی ستەمدیدە و وەگیانهاتووی ئێران دێنە مەیدان، لە ڕیزێکی بەهێزدا بەدژی کۆماری ئیسلامی کۆیان بکەینەوە. بۆ ڕاکێشانی ئەم هێزە بەرینە پێویستە شێوەی کارێکی نوێ و بانڕێکخراوەیی کە لەگەڵ ئەم بارودۆخەدا بگونجێ، بگرینە بەر. لەم بوارەدا دەکرێ بۆ بەهێزکردن و پەرەپێدانی شۆراکانی هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێران و یان بۆ بەهێزکردنی هەر ناوەندێکی خەباتکارانەی دیکە کە بتوانێ گشت ئەم پۆتانسیەلە ناڕەزایەتیە لەدژی کۆماری ئیسلامی چالاک بکات، هەوڵ بدەین

- هەڵسووڕاوانی چەپ و ڕادیکاڵ و سۆسیالیست لە کوردستان پێویستە هەر لە ئێستاوە لە بەرپاکردنی بزووتنەوەی جەماوەری لەدژی بێکاری و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، لە هێنانە مەیدان و ڕێکخستنی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش لە گەڕەکە حاشیەنشینەکان، لە پەرەپێدانی خەبات بۆ داکۆکی لە مافی منداڵان، لە بەشداریی چالاک لە بزووتنەوەی ژینگەپارێزی، لە یارمەتیدان بە بەردەوامبوون و گەشەپێدانی بزووتنەوەی مامۆستایان و خانەنشینان و پەرستاران دەستپێشخەر بن

- کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان پێویستە بەهێزکردنی ئەم ڕەوتانە بکەنە ئەولەوییەتی کار و چالاکییەکانیان. ڕۆشنگەری سەبارەت بە سرووشتی سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان و تێکۆشان بۆ هێنانەدەری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەژێر کاریگەریی ئەم سیاسەتانە، ئەرکێکی هەمیشەیی دیکەی کۆمەڵە و بزووتنەوەی سۆسیالیستی لە کوردستانە

- ڕەوتی ناسراو بە "چەپی میحوەری موقاوەمەتی ئێران" کە بە ئیدیعا و پێشینەی چەپەوە بە ئاشکرا لەگەڵ بزووتنەوەی پێشڕەو و ئازادیخوازانە دژایەتی دەکەن و لە باڵێک لە کۆماری ئیسلامی لایەنگری دەکەن، لە ناو کۆمەڵگادا نفووزێکیان نییە. بەڵام بەو پێیەی هێندێک لە ڕەوتە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکان لە وجوودیان کەڵک وەردەگرن و لەوان وەک ئامرازێک بۆ کوتان و هێرش کردنە سەر هێزە چەپ و سۆسیالیستەکان کەڵک وەردەگرن، لەقاودانی ناوەرۆک و سرووشتی ئەم ڕەوتە پێویستە بەشێک لە ئەرکی کۆمۆنیستەکان لەم قۆناغەدا بێت

- حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەپێناوی وڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی خەباتی سیاسی و چینایەتی ئەم قۆناغە، ئامادەیە لەگەڵ لایەن و حیزبەکانی ڕێکخراو لەناو شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان چ لەسەر ئاستی سەرتاسەری و چ لەسەر ئاستی کوردستان هاوکارییەکانی چڕ و پتەوتر بکات

***

# "دابەشکردنی دادپەروەرانەی هەژاری" بە ئیعترافی ناوەندەکانی حکوومەتی ئیسلامی



ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی مانگی ڕەزبەر ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ئیسلامیی ڕژیم، لە ڕاپۆرتێکدا دانی بەوە دانا کە هەژاری گشت کۆمەڵگای ئێرانی داگرتووە و نووسی: "شایەدی پەرەسەندنی نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکانین لەئاستی کۆمەڵگادا و ئاکامەکەی بووەتە دابەشبوونی عادڵانەی هەژاری". ئەمە سەرەنجامی دەسەڵاتدارێتی ئەو ڕژیمە سەرمایەدارییە ئیسلامییەیە کە فریوکارانە بەڵێنی دابوو نەک هەژاری، بەڵکوو سەروەتی کۆمەڵگا عادڵانە و "دادپەروەرانە دابەش" دەکات و ئاو و بەرق و ماڵی بەخۆڕایی دەدا بە خەڵک. ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ئیسلامی وێڕای ئاماژە بە ڕەوتیدارشتنی بوودجە، هەوڵی دا گرانی و کەسری بوودجەی بەرین کە ساڵانێکی زۆرە درێژەی هەیە و لەئێستادا قەرزی دەوڵەتی گەیاندووەتە یەک تریلیۆن تمەن، بەسەر دەوڵەتی بێدەسەڵاتی پزیشکیاندا بێنێت و پاکانە بکا بۆ ناوەند و ڕێبەرە دز و گەندەڵەکانی دیکەی حکوومەتی دارماوی کۆماری ئیسلامی. ئەم ناوەندە لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا جەخت لەوە دەکات کە: "کردەوەی دەوڵەتەکان لەگەڵ فەلسەفەی وجوودی دەوڵەت ناتەبایە، کە بریتییە لە دابینکردنی خۆشبژێوی و باشترکردنی شێوازی دابەش کردنی داهات". وە دان بەوە دادەنێت کە "یەکێک لە کێشەکانی هەلومەرجی ئێستای کۆماری ئیسلامی، نایەکسانی لە بواری ئابوورییدایە"

ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس، ئێستا دوای تێپەڕینی ٤٥ ساڵ بە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دان بەوە دادەنێت کە داهاتی سەرانە کە لە ساڵی ١٣٩٠دا حەوت ملیۆن و ٤٠٠ هەزار تمەن (بەرابەر لەگەڵ ٥٧٠ دۆلار)ی ئەوکات بووە، لە ساڵی ١٤٠١دا بووەتە ٥ ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تمەن (بەرابەر لەگەڵ ٨٧ دۆلاری ئێستا). دیارە ئەم دابەزینە بەرچاوەی داهاتی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا تەنیا دوو ملیۆن و ٢٠٠ هەزار تمەن نییە و بەکجار لەوە زیاترە. چونکە ساڵی ١٣٩٠ کە بەهای دۆلار ١٣٠٠ تمەن بووە، لە کۆتایی ساڵی ١٤٠١دا گەیشتووەتە ٦٠ هەزار تمەن. ئەوەش بەو مانایەیە کە لەم ماوەدا، بەهای تمەن ٤٦ بەرابەری دیکە هاتووەتە خوارێ و کرێکاران و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگا چەندین بەرابەر هەژارتر بوون

ئەم نابەرابەرییە ئابوورییە و ئەم دابەشکردنی زاڵمانەیەی سەروەتی کۆمەڵگا لە نێوان ١٠ لە سەدی دەوڵەمەند و سەرمایەداری کۆمەڵگا لەگەڵ ٩٠ لە سەدی ئەندامانی دیکەی کۆمەڵگا واتە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، بە زەبری یاساکانی سەرمایەداریی حکوومەتی ئیسلامی و بە پەرەپێدانی چەوساندنەوەی هێزی کار و ڕەوتی کەڵەکەکردنی سەرمایە مسۆگەر بووە. ڕاپۆرتی مەجلیسی کۆنەپەرستی ئیسلامی بەپێی هەر ئەم یاسایانە لەوپەڕی بێشەرمیدا ڕایدەگەیەنێ کە: "بۆ ئەوەی کرێکارێک بتوانێ خانووی خۆی هەبێت، دەبێ ١٠٠ ساڵ کار بکات و چاوەڕوان بێت. بەپێی هەر ئەم یاسایانە ڕایدەگەیەنێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا بەهۆی "دابەشکردنی عادڵانەی هەژاری" و "گرانی و چوونەسەری بەردەوامی نرخەکان" خەڵکی هەژار و چینی مامناوەند چیتر ناتوانن هێندێک لە کاڵاکان بکڕێ؛ ڕایدەگەیەنێ کە "سەبەدی بەکارهێنانی چینی خوارێ و مامناوەندی کۆمەڵگا، بەرەو پێداویستییە سەرەکییەکان گۆڕاوە و ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە خەڵک گرفتاری هەژارییەکی بێسنوورن و مەجبوورن بۆ زیندوو مانەوە لە پێداویستییە سەرەکییەکانی وەک تەندروستی، خوێندن، سەفەرکردن و سەیران و هیتر چاوپۆشی بکەن تا پێداویستییە سەرتاییەکانیان واتە مەسکەن و خۆراک دابین بکەن"

بەڵام هۆکاری زاڵبوونی ئەم بارودۆخە فەلاکەتبارە لە ئێران، جگە لە بەڕێوەچوونی سیاسەتی سیستماتیکی دەوڵەت و سەرمایەدارانی کەرتی تایبەت بۆ هەرزانکردنی هێزی کار، ئەو خەرجە بەرینانەیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی دەسەڵاتەکەی خۆی لە دەستڕەنجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە دەیدات. بۆ نموونە سیاسەتی پڕ هەزینەی پێکهێنان و یارمەتیدانی گرووپە چەکدارە تیرۆریستە ئیسلامییەکان لەوانە حیزبوڵڵا، جەهادی ئیسلامی، گرووپەکانی حەشدی شەعبی، حەماس، حوسییەکان و هیتر لەژێر ناوی بێ ناوەرۆکی "میحوەری موقاوەمەت" لەپێناوی "ستراتێژی هێرشی پێشگرانە"ی ڕژیم؛ پێکهێنانی دامودەزگای بەرین و جۆراوجۆر و پڕ هەزینەی ئەمنیەتی و نیزامی بۆ سەرکوتی مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاران و جەماوەری خەڵکی زەحمەتکێش؛ داسەپاندنی سزای ئابووریی ئەمریکا و دەسەڵاتەکانی دیکەی سەرمایەداری بەهۆکاری سیاسەتی دەستتێوەردان و فراوانخوازیی نیزامی و ئەمنیەتیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ چووەتە چاوی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانەوە. پێویستە بەم نموونانە دزی، گەندەڵی و ڕانتخۆریی سەدان هەزار ملیاردی ڕێبەران و فەرماندەکانی دەزگای ڕووحانییەت و سپای پاسداران و دەست و پەیوەندەکانی ڕژیمیش زیاد بکەین کە ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس دەبێ چاوپۆشییان لێبکات و لەمبارەوە زمانێ نەگەڕێ. ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی کۆنەپەرستی ئیسلامی باسی ئەوە ناکات کە بۆچی سەرەڕای چوونەسەری ڕێژەی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی نەوت؛ سەرەڕای داهاتی سەدان ملیارد دۆلاری، "دابەشکردنی دادپەروەرانەی هەژاری" وەک کارنامەی ٤٥ ساڵەی ئەم ڕژیمە دژەئینسانە



وەسف دەکات

ڕژیمی داماوی کۆماری ئیسلامی بۆ لابردنی گەمارۆکان و دەبازکردنی خۆی لە وەرشکستەیی، دوای دەیان ساڵ داسەپاندنی ئاکامی گەرۆماکان بەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا، تازە ئاڵای سپی تەسلیمبوونی بەرز کردووەتەوە و دەیهەوێ بە گرووپی تایبەتی بەدواداچوونی ئابووری ناسراو بە "FATF" و "پالرمۆ"، پەیوەست بێت. واژۆکردنی کۆنوانسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سپیکردنەوەی پارە و یارمەتی نەدانی ڕێکخراوە تیرۆریستەکان و دژایەتی لەگەڵ تاوانی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی، مەرجە سەرەکییەکانی هەڵوەشاندنەوەی سزا ئابوورییەکانن. پێویستە بوترێ کە کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو سێ دەوڵەتانەیە کە بەهۆی پەیوەست نەبوونی بەم کۆنواسیۆنانە لەبەردرێژەدان بە یارمەتیدانی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان و سپیکردنەوەی پارە، لە لیستی ڕەشی ئەم ڕێکخراوەدایە و سزای ئابوویی بەسەردا سەپاوە. لەم پەیوەندییەدا ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی مانگی ڕەزبەر ناسر هیمەتی وەزیری ئابووریی دەوڵەتی پزیشکیان ڕایگەیاند کە: "ڕاپۆرتێک سەبارەت بە دۆخی ئابووری ئێستا و کردەوەی پێویست بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆسیەی ئێران لە "FATF" دراوەتە سەرۆک کۆمار. بێگومان ئەم کارەی هیمەتی بە ڕەزامەندی و فەرمانی خامنەیی و ڕێبەریی سپای پاسداران ئەنجام دراوە. کارێک کە هەتا ئێستا هێڵی سووری حکوومەتی ئیسلامی بووە و ئێستا وەک هەنگاوێک بۆ سازان لەگەڵ ئەمریکا باکردەوە دەردێت

ئەگەرچی سزای ئابووری و گەمارۆی جنایەتکارانەی ئەمریکا و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بارودۆخی ژیانی خەڵکی دژوارتر کردووە، بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە لە نیزامی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامیدا ناکرێ گەمارۆکان بە هۆکاری سەرەکیی هەژاری و نەهامەتیی ئابووری بە حیساب بێنین. چونکە لە سەردەمێکدا کە هیچ سزایەکی ئابووریش لە کاردا نەبوو، ڕژیمی ئیسلامی بەردەوام بە هێرش کردنە سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران، بە لەسەر کار دەرکردن و بە هەرزانکردنی هێزی کار هۆکاری سەرەکی هەژاری و بێکاری بووە. بێگومان جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری و برسیەتی و بێکاری و بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەرابەری و خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی ڕێگایەکیان بێجگەلە ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لەبەر دەم نییە

❊ ❊ ❊

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بە بۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانیی خەبات لەدژی سزای ئێعدام (٢٠٢٤)

لە سەروبەندی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات لەدژی سەزای ئێعدام بۆ جارێکی تر ماشێنی سەرکوت و ئێعدامی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خێراتر بووەتەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی مانگی ڕەزبەری ١٤٠٣، سێ بەندکراو لەوانە ژنێکی قوربانیی منداڵهاوسەری کە پێشتر بەتۆمەتی پەیوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر و قەتڵ بە ئێعدام مەحکووم کرابوون، لە زیندانی شارەکانی "بەم"، "ئەهەر" و "بیرجەند" حوکمەکانیان جێبەجێ کرا. ڕۆژی شەممە ١٤ی مانگی ڕەزبەر، بەندکراوێک لە زیندانی هەمەدان ئێعدام کرا. ڕۆژانی چوارشەممە و پێنجشەممە ١١ و ١٢ی مانگی ڕەزبەر، حەوت بەندکراو لە زیندانەکانی عادڵ ئابادی شیراز، سپیدار، ئەهواز، دەستگرد، ئیسفەهان و گورگان ئێعدام کران. هەروەها بەیانی ڕۆژی سێشەممە ١٠ی مانگی ڕەزبەریش، بەندکراوێک لە زیندانی گۆنبەدی کاووس ئێعدام کرا

درێژەی شەپۆلی ئێعدامەکان لە کاتێکدایە کە بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندە غەیرە دەوڵەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، تەنیا لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ٢٠٢٤دا لانیکەم ١٠٠ کەس لە ئێران ئێعدام کراون و ژمارەی ئێعدامکراوان لە هەشت مانگی سەرەتای ئەمساڵی زایینیدا، لانیکەم گەیشتووەتە ٤٠٢ کەس. درێژەی شەپۆلی ئێعدامەکان لە بارودۆخێکدایە کە هەر ئێستا شەریفە محەممەدی، پەخشان عەزیزی، نەسیم غوڵامی سیمیاری و وریشە موڕادی و دەیان کەس لە بەندکراوانی سیاسی و دەستبەسەرکراوانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و هەزاران کەس لە بەندکراوانی پەیوەندیدار بە تاوانی ماددەی هۆشبەر و هیتر، لەژێر حوکمی ئێعدامدان و گیانیان لە مەترسیدایە

ئەگەرچی دەزگا تەبلیغاتییەکانی ڕژیمی ئیسلامی فریوکارانە دەرکردن و بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام بە ئامرازێک بۆ هێنانەخواری ئاستی تاوان، بردنەسەری ئاستی ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگا پێناسەی دەکەن، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کە سەرانی ڕژیم بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ درێژەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێستا و ڕەوتی ڕوو لە گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و باقی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگا ماشێنی ئێعدامیان خێراتر کردووەتەوە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا کە لە قەیرانی قووڵی ئابووری و سیاسیدا دەست و پێ لێدەدات، لە ئاستی جیهاندا زیاتر لە ڕابردوو پەراوێز خراوە، ستراتێژی "شەڕی پێشگرانە"ی لە بەرانبەر هێرشی بەردەوام و زەلیلکەری دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیلدا گەیشتووەتە بنبەست؛ دەزگای ئیدئۆلۆژیەکەی توانای مەشروعیەت بەخشینی بەم هەمووە هەژاری و فەلاکەت و بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لەدەست داوە و لەژێر گوشاری بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا هیچ پێگەیەکی لەناو بیروڕای گشتیدا نییە. لە وەها بارودۆخێکدا شمشیری لە ڕووەوە بەستووە و سات لە دوای سات جەنایەت دەخوڵقێنێت. ئەم ڕژیمە بەنیازە لەوپەڕی داماویدا بە پەرەپێدانی کەشوهەوای ئەمنیەتی و ئێعدامی بەندکراوان، دەسەڵاتی ماشێنی سەرکوتەکەی بە ڕووی ئەو خەڵکەدا بکێشێت کە ترسیان لە دەسەڵات ڕژاوە و هاتوونە مەیدانی نەبەردەوە و بە کەمتر لە ڕووخاندنی ڕژیم ڕازی نین

لەئێستادا لەگەڵ هێرشی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل بۆسەر لۆبنان و ئەو زەربە قورسانەی کە لە حزبوڵڵا واتە باسکی سیاسی و چەکداری کۆماری ئیسلامی داوە، ڕژیمی تیرۆر و سێدارە بە مەزلووم نواندن خۆی بە قوربانی تیرۆریزم نیشان دەدات و نیگەران لە هەڵچوونی تووڕەیی و نارەزایەتیی جەماوەر شەپۆلی ئێعدامی بەندکراوانی خێراتر کردووەتەوە تا کەشوهەوای سەرکوت و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا پەرەپێبدات

نابێ بە ڕژیم ڕێگە بدرێت بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تیرۆریزم ماشێنی کوشتاری بەندکراوان خێراتر بکاتەوە و بە ئەمنیەتی کردنی کەشوهەوای کۆمەڵگا، هێرش بکاتە سەر خەڵک. پێویستە ماشێنی کوشتاری ڕژیم ڕابگیرێت. سەزای ئێعدام قەتڵی عەمدی دەوڵەتییە. پێویستە بەرانبەر بە شەپۆلی ئێعدام لە مافی ژیانی ئینسان لێبڕاوانە دیفاع بکەین. پێویستە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی سەزای ئێعدام یەکپارچە و یەکگرتوو بێینە مەیدان و تاکتیکی ئێعدام بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ تاوان و بەبیانووی بردنەسەری ئاستی ئەمنیەتی کۆمەڵگا و بەبیانووی دابینکردنی دادپەروەری لە کۆمەڵگا، لەدەستی کۆماری ئیسلامی بێنینە دەر. سەزای ئێعدام نەتەنیا نەخشێکی لە کەمکردنەوەی تاواندا نییە، بەڵکوو کاتێک دەوڵەتەکان لە ڕووی یاساوە لەژێرناوی سەزای ئێعدامدا دەست بۆ کوشتنی ئینسانەکان دەبەن، لەڕاستیدا بە هێنانە خواری بەهای گیانی ئینسان ڕێگا بۆ پەرەسەندنی قەتڵ و توندوتیژی لە کۆمەڵگادا خۆش دەکەن

کۆماری ئیسلامی قوربانییانی ئەو نیزامە زاڵمانە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی بەسەر ژیانی ئینسانەکانیدا زاڵ کردووە، ئێعدام دەکات تا بەرپرسیارێتی خۆی لەئاست پێکهێنانی بەستێن و بارودۆخێک کە بەردەوام ئەمجۆرە تاوانانە بەرهەم دێنێتەوە، پەردەپۆش بکات. ئەو پاساوانەی بۆ جێبەجێکردنی سەزای ئێعدام دەیهێننەوە درۆیەکی ئاشکران و هیچی تر. چونکە ئەوەڵەن ئینسانەکان زاتەن تاوانکار، قاتڵ، قاچاغچی و جەنایەتکار بەدنیا نایەن، بەڵکوو ئەوە بارودۆخی ماددیی ژیانی کۆمەڵایەتییە کە ئەوان بەرەو تاوانکردن دەبات و دەوڵەتەکان و چینی دەسەڵاتدار بەرپرسی ڕاستەوخۆی داسەپاندنی ئەم بارودۆخە ماددیە بەسەر زۆربەی خەڵکدان. کەسانێک دەبێ سزا بدرێن کە بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنجامدانی تاوان و جەنایەتیان پێکهێناوە

ئەگەرچی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەزای ئێعدام بابەتێکە کە دەبێ بەردەوام و لە هەموو بارودۆخێکدا هەوڵی بۆ بدرێ، بەڵام لە هەلومەرجێکدا کە ڕژیم بەئاشکرا بە پەرەپێدانی شەپۆلی ئێعدام بەشوێن ئامانجی سیاسی دیاریکراووەیە؛ لە بارودۆخێکدا کە هەر ئێستا هەزاران کەس لەناو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە چاوەڕوانیی حوکمی ئێعدامدا بەسەر دەبەن، گرینگی ئەم خەباتە چەند هێندە بووەتەوە. بەتایبەت کە هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" پێی ناوەتە ٣٧مین هەفتەوە و بەندکراوان لە ٢٢ زینداندا هەموو هەفتەیەک سێشەممانە لە نارەزایەتی دژبە سەزای دژەئینسانیی ئێعدام دەست دەدەنە مانگرتن، پێویستە بێباکانە و لێبڕاوانە ستایشی ئەم خەباتە بکرێت و بزووتنەوەی خەبات لەدژی سەزای ئێعدام هەرچی زیاتر جەماوەری بکرێتەوە. بۆنەی ١٠ی ئۆکتۆبر ڕۆژی جیهانی خەبات دژبە سەزای ئێعدام دەتوانێ دەرفەتێکی دیکە بۆ گەشەپێدانی هوشیاری لەئاست ڕەهەندەکانی تاوانی کۆماری ئیسلامی و قۆناغێکی تر لە پەرەپێدانی خەبات بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەزای ئێعدام لە ئێران و سەرتاسەری جیهان بێت

**سەزای ئێعدام دەبێ هەڵوەشێتەوە**

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی**

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

**کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

١٦ی ڕەزبەری ١٤٠٣

٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤

# شـێعر

## شەوێک ...

شەوێک شار...

کات

ڕەنگی خۆلەمێشی لە خۆ گرتبوو

باران نم نم خرۆکی حەزی پیاسەی

لە ژێر پێستی تابلۆی خۆی نەخشاند...

شەقام و شەو و باران و بەرامەی بەهار

هە لێگرتم

ئەو دونیا ئەفسون ئاویە لە خۆیدا ونی کردم !

بە دووی خۆمدا گەرام

هاتوم بدوزمەوە، لە ئامێزت بگرم، سەربنی بە سینمەووە

وڵامی هەزار پرسیارم بدیتەووە

بۆۆۆ ناتدوزمەوە

شاید، شاید ...

نە، نە... بە بێ گۆمان، بە بێ گۆمان...

بە جێ ماووم !

لە یەکەم ڕۆژی زیندان

لە ژێر پاوەند و کەلبچە و ئەشکەنجە و لێدان

لەئاخرین دیدارو دابڕان لە هاۆبەندان لە هاۆڕێان

لە مان گرتن و خۆپیشاندان لە گەڵ کرێکاران

لە سەنگەر و شەر

لە مەرگی ئاواتی ئاخرین نیگاە...

بەزامی سوری گولە ی سینگەووە...

لە کۆژان و کیمیا باران گوردانی شوان

لە لینینگراد لە شەر و شورش کوومۆنارەدەکان

لە کۆمەڵ کوژی و ئیعدامەکان

لە خاوەران ولەعنەت ئاواکان

لای کۆڵبەران

کورە خانەکان

لە مە رگی دونیای مندالانی کار

لە هەشتی مارس...

لە یەکی ئەیار ...

لە ژێر ئالآیک پر بەڕەنگی ئاڵ

بە دەم سرودی ئەنترناسیونال

لە، لە، لە...... بویە لێم ونە

دابەش کراووم بە سەر جیهانە

لەم جیهانە بێ سەروبن و لە خۆ وێرانە...!!

لە تیشکی ئاسو

سەرم هەڵبری بەری بەیان بوو...

بە پانای دونیا باوشم کردەووە

لە ناخی دەرون پر بە گەرووم

بە هاورێک دەنگم هەڵبری...

بە ملۆێن ملۆێن...

کۆتری سور بوو

بە سەر جیهانا هەمووی هەڵفری...

"ئیبرایم حەیدەری."




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو

ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧